# نەوشیروان و ئەشکەوتی هەزار ستوون

# توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجیای سیاسیە

د. عزت فتاح حمه صالح
زانكۆی سلێمانی
كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی

## پێشەکی :

لە ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/٧ .لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی أبوشهاب میواندارى کردبووین بۆ ئێوارە خوانێك هەریەك لە (احمد ماوەتی و هاوڕێ کاوە –کارل کاوە ) کە دوو پێشمەرگەی کۆنی لقی یەکی ساڵی ١٩٨٠ بوون لەگەڵماندا ئامادەبوون. ئەم زانیارییانە کە لەم توێژینەوەیەدا نوسراون وەك باسێکی شەو دوای ٣٣ ساڵ ئەو نهێنی یە درکێنرا و توێژەر باسی کرد بۆیان، ابوشهاب هەموو ووتەکانی پشت راست کردەوەو هەندێك زانیاری زیاتریشی بەبیرتوێژەرهێنایەوە.

لەبەر ئەوەی هەموو بەشداربوانی ئەو ڕوداوە تەمەنیان ڕوو لە هەورازەو کەمترینیان نزیکەی ٦٠ ساڵ دەبێت، ژمارەیەکی زۆر خەڵك لەسەر ئەو ڕوداوە نوسیویانە وتوێژەریش هەندێك کەلێن و کەلەبەری نوسینەکانیان پڕدەکاتەوە بە پێ ی ئەو زانیاریانەی کە لەبەر دەستیدایە وماوەیەکی دوورو درێژە بە نهێنی پاراستو یەتی و نەیدرکاندوون، ئەوەش قەرزێکە لە لای توێژەر ئێستا بە پێویستی دەزانێ ڕوبەڕوی خاوەن قەرزیان بکاتەوە کە گەلی کوردە.

لە سنوری هەرێمی یەکی (ی.ن.ك ) لە ساڵی ١٩٨٠ جۆرە گیروگرفتێك هەبوو کە ( حەمەی حاجی محمود ) بەرپرسیاری هەرێمەکە بوو، ناڕەزاییەکان بەرزکرانەوە بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ك )، لە ئە نجامدا بەرپرسیاری هەرێم بانگ کرا بۆ سەرکردایەتی بەمەبەستی لێپێچینەوە، لەو کاتەدا مام جەلال لە کوردستان نەبوو، حەمەی حاجی محمود سەر بە باڵەکەی مام جەلال بوو کە پێ ی دەوترا ( خەتی گشتی )، دەبوو چاوەڕێ بکرێت تا مام جەلال دەگەڕێتەوە، بۆیە لەبارەگای سەرکردایەتی بنکەیەکیان بۆ کردەوە بۆ خۆی و ئەو چەکدارانەی کە لەگەڵی بوون، دوای چەند ڕۆژێك بەبێ پرسی سەرکردایەتی ( حەمەی حاجی محمود ) دابەزی بۆ شاربازێرئەوەش بووە هۆی پەیدابوونی بارگرژییکی زیاتر لە سنورەکەدا.

بۆ ڕا پەڕاندنی کاروباری هەرێمی یەك وبەمەبەستی چارەسەرکردنی تەنگەژە و بارگرژییەکان بەبڕیاری سەرکردایەتی (ی.ن.ك ) مەلا بەختیار کرایە سەرپەرشتیاری هەرێمی یەك و دابەزی بۆ سنووری شاربازێر ئەوەش بارو دۆخەکەی ئاڵۆزترکرد بەرەو پێکدادانی چەکداری دەچوو لە نێوان حەمەی حاجی محمود کە پەیوەندی کردبوو بە ( حسك ) ەوە وهێزەکانی (ی.ن.ك ) کە مەلا بەختیار سەرپەرشتیاریان بوو.

دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك بەسەر ئەو ڕوداوەدا، لە گوندی (( مالومە )) بووین هێزێکی زۆری ( حسك ) لەگەڵ تایەری علی والی و قادر جەباری حەمەی حاجی محمود.....هتد و چەکدارەکانیان لەگەڵ چەند قاترو بارگیرێکی بارکراو هاتنە ناو گوندەکە و نەوەستان، بەرەو گوندەکانی گاپیلۆن و سیتەك ڕۆشتن.

ئەوەی چاوێك بگێڕێت بە بلاوکراوە و ئەدەبیات و پەیڕەو و پرۆگرام و کۆنفرانس و کۆنگرەکان و کۆبونەوە فراوانەکان و گۆڤارو هەواڵنامەکانی ئەم بزوتنەوە نوێ یە کە لە دوای ئاش بەتاڵی ١٩٧٥ لە کوردستان پەیدابووە، ئەگاتە ڕاستیەك، ئەم جارە جولانەوەیەکی چەکداری بێ نەخشە و پلان و هەڕەمەکی بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵك بەرژەوەندی تایبەت پەیدابووە. هێزەکانی ناو ئەم جولانەوەیە تەبا نەبوون و لە ململانێیەکی درێژخایەن و تاقەت پڕوکێندابوون تا کار بەوە گەیشتووە بۆ سڕینەوەی یەکتر پەنا براوەتە بەر چەك و یەکتر کوشتن، یەکێك لە نمونەکانی ئەم ململانێیە پێکدادانی چەکداری نێوان (یەکێتی و حسك ) بوو کە بەهۆیەوە نەوشیروان لەلایەن حسکەوە بەدیل گیرا. لە ئە نجامی ئەو ڕوداوە بەچەندین شێوە لەلایەن

چەندین نوسەرو بەشداربوانی ئەو ڕوداوە بە ڕاست و هەڵە لەسەر ئەو گرتنە نوسراوە، یەکێك لەو نوسینانە ئەم نوسینەیە کە توێژەر وەك توێژینەوەیەکی زانستی لە بواری زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیادا دەینوسێت و توێژینەوەکە پێکهاتووە لە سێ بەش و هەربەشێك دوو تەوەر لە خۆدەگرێت، هەر تەوەرێك چەند بابەتێك دەست نیشان دەکات، بەشی سێ یەم پێك دێت لە دەرئە نجام و ڕاسپاردەو پێشنیارو سەرچاوەکان و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی. هیوادارین ئەم توێژینەوەیە سودێك بگەیەنێت و هەندێك لە کەم و کوڕی نوسینەکانی پێشتر تێرو تەسەلتر بکات و هەروەها ئەم نوسینە ببێتە بناغەیەك بۆ توێژینەوەی زانستی تر لەسەر ئەو ڕوداوانە و خزمەتێك بکرێت لە ڕەوتی زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیاداو کەلێنێکی پەرتوکخانەی کوردی پڕبکاتەوەو، زیادەیەکی زانستیش بخاتە سەر زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیای سیاسی.

**توێژەر**

## بەشی یەکەم

**تەوەری یەکەم : ئەم تەوەرە ئەم بابەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت :**

**کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئاما نجی توێژینەوە، میتۆد و ڕێبازی توێژینەوە، هۆکارەکانی توێژینەوە**

### کێشەی توێژینەوە :

گرنگترین و قورسترین کاری نوسینی توێژینەوە، دەستنیشان کردنی کێشەی توێژینەوەکەیە، بۆ توێژینەوەی زانستی لای توێژەر گرنگە چۆن کێشەی توێژینەوەکەی دیاری دەکات چونکە ئەو کێشەیە لەسەرەتای دەستپێکردنی توێژینەوەکەوە تا کۆتایی توێژینەوەکە هەموو پێویستییەکانی ئەو توێژینەوەیە دەستنیشان دەکات، وەك ڕێگایەك وایە کە چۆن دەستپێدەکات ودەگاتە ئە نجام، هەروەها کار ئاسانی دەکات بۆ توێژەر کە چۆن پلان دابڕێژێت، وە چۆن بە پێ ی پلانەکەی بابەتەکانی ڕێك بخات و ڕیزبەندیان بکات بە پێ ی ئەوپلانەی یان ئەو ڕێبازەی کە دایناوە لەسەری بڕوات تا دەگات بە کۆتایی توێژینەوەکە.کێشەی توێژینەوە لەڕێ ی پرسیارو وەڵامەوە توێژەر پێ ی دەگات یا هەڵوێستێکی ناڕۆشن و شاراوە هەیە توێژەر ئاشکرای دەکات، واتا بوونی خاڵێکی لاواز یان کەم و کورتیەك یان گیروگرفتێك هەیە لە یەکێك لەبوارەکانی ژیان کە پێویستی بە ووردبونەوە و چارەسەرکردن هەیە. [١] توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەستی بەوە کردووە هەڵوێستێکی ناڕۆشن و شاراوە هەیە کە پێویستی بە ئاشکراکردن دەبێت، کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بە نهێنی پارێزراوە و کەس باسی نەکردووە بۆیە بە پێویستی دەزانێت و لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری بابەتی و خۆیی ئەو هەڵوێستە ئاشکرابکات و وە بیکات بە ناونیشانی ئەم توێژینەوە زانستییە، توێژەر هەوڵی داوە کێشەی توێژینەوەکە لەگەڵ ناوەرۆکی توێژینەوەکە هاوسەنگ بکات و بیان گونجێنێت، چونکە باس لە ڕوداوێك دەکات لە کات و شوێنێکدا ڕویداوە کە ئەو ناونیشانە یان ئەو کێشەیە پڕاوپڕ لەگەڵیدا دەگونجێت لە هەموو ڕویەکەوە بۆیە ئەو کێشەیەی ناوبردوە بە ( نەوشیروان و ئەشکەوتی هەزارستوون ) ئەو هەڵوێستە ناڕۆشن و شاراوەیە کە بە نهێنی پارێزراوە پەیوەستە بە کەسایەتی نەوشیروانەوە و دەبوو لەو ئەشکەوتەدا ئە نجام بدرێت بەڵام لەبەر کۆمەڵێك هۆ کە دواتر باس دەکرێن هەڵوێستەکەو ڕوداوەکە ئە نجام نەدرا وە بە نهێنی مانەوە تا نوسینی ئەم توێژینەوەیە ئاشکرایان دەکات.

### گرنگی توێژینەوە :

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی خۆی هەیە جا ئەو گرنگیە تیوری بێت یان پراکتیکی، ئەوەشە توێژینەوەی زانستی لە نوسینی تر جیادەکاتەوە چونکە هەموو توێژینەوەیەکی زانستی لە ڕووی تیوری و پراکتیکی یەوە کۆمەڵێك گرنگی دەستنیشان دەکات، بە واتایەکی تر هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی یەکەی لەوەدایە تا چەند دەتوانێت سوود بگەیەنێت بە زانست و کۆمەڵگا، هەندێك لەو توێژینەوانە سوودی خێرایان دەبێت لە بوارەکانی ڕامیاری و کۆمەلایەتی لە وولاتدا. [٢] گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە لە ڕوی تیوری و لە ڕوی پراکتیکی یەوە توێژەر چەندین هەڵوێست و ڕوداوی راستی وون بوو باس دەکات دەیا نخاتە ڕوو کە لە نووسینەکانی پێشوتر باس نەکراون و خۆی بە پراکتیکی بەشداری کردووە تیایاندا، یان لە بیرکراون و یان نەیان وویستووە باس بکرێن یان بە ڕاست و دروستی وەك خۆیان تۆمار نەکراون.جگە لەوەی توێژەر هەڵوێستێکی نهێنی ئاشکرا دەکات کە ماوەی ٣٣ ساڵە بە نهێنی پارێزراوە، هەروەها هەڵەی هەندێ لە نووسینەکانی تر ڕاست دەکاتەوە، وە ئاماژەش دەدات بە پشتڕاستکردنەوەی بەشێك لە نووسینەکانی تر، هەروەها ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەبێت لە بواری مێژوو و کلتوورو کۆمەلایەتی و ڕامیاری گەلی کورددا بە تاییەتی بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکن بە نووسینەوەی مێژوو، یان بۆ ئەوانەی کە سەرقاڵن بە سیاسەت کردنەوە، جگە لەوانە ئەم توێژینەوەیە زیادەیەکی زانستییە لە بواری زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیای سیاسیدا هەروەها گرنگیشی هەیە لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان بۆ ئەوانەی لەو بوارەدا کاردەکەن و وە خوێندکارانی زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیا لە زانکۆکاندا سوود دەبینن لەم جۆرە توێژینەوانە و چاوکراوە دەبن بەرامبەر بە زۆر ڕوداو و هەڵوێستی ئەو

کەسانەی کە لەو سەردەمەدا خەباتیان کردوە هەروەها ئەم توێژینەوەیە گرنگی هەیە بۆ ئەوانەی کە باسی ئەو ڕوداوەیان کردووە بە نەزانین بێت یان بە مەبەست تووشی هەندێك هەڵەی زانستی بون کە پێویستیان بە راست کردنەوە هەیە.

### ئامانجی توێژینەوە :

هەموو توێژینەوەیەك کە بۆ مەبەستی زانستی بنوسرێت کۆمەڵێك ئامانج لە خۆ دەگرێت جا ئەو ئامانجانە پەیوەست بن بە کۆمەڵگاوە یان توێژینەوەکەوە یان توێژەر خۆیەوە یان هەر ئامانجێکی تر کە لە توێژینەوەکەدا دەردەکەون، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە توێژەر دەیەوێت کۆمەڵێك خاڵی گرنگ کە پەیوەستن بە کێشەی توێژینەوەکەوە ئاشکرابکات و بیانخاتە ڕوو کە گرنگەکانیان ئەمانەن :

١- ئاشکراکردنی هەندێك ڕاستی لەو ڕووداوەدا.

٢- ئاشکراکردنی هەڵوێستی هەندێك کەس کە لە نووسینەکانی پێشتردا باس نەکراون.

٣- ئاماژەدان بە هەڵوێستی دووفاقی (الازدواجیة ) ی هەریەك لە مەلا بەختیارو سالار عزیز لە کاتی ڕوداوەکەدا.

٤- وەڵامدانەوەی داواکردنی کۆمەڵێك کەس کە داوایان لە توێژەرکردوە چەند بەشداربوە لەو ڕوداوەدا وەك خۆی بینوسێتەوە.

٥- بەرچاوڕونی خوێنەرو هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕاست و دروستی ئەو بەشەی ڕوداوەکە و دوورکەوتنەوە لە باسکردنی ئەو ڕوداوە بە هەڵە و بۆ مەبەستی تایبەتی.

٦- ئاماژەدان بە هەڵوێستی هەریەك لە مامۆستا پشکۆ، سامان (فرح)، حەمەی صەمون، حمەئەمینی فەتاح لە و ڕوداوەدا.

٧- دووایین ئامانجی توێژەر ئەوەیە هاوڕێ و برادەرە دێرینەکانی ئاگاداربکرێن کە ئەگەر ئەوانیش ڕوبەڕوی هەڵویستی لەو جۆرەی ئو بونەتەوە، ئەوانیش وەك توێژینەوەی زانستی یان وەك هەر جۆرە نوسینێکی تر کە خۆیان بە باشی ئەزانن بیخەنە سەر ڕوپەری کاغەزو بیگێڕنەوە بۆ گەلی کورد و کۆمەڵگای کوردەواری چونکە لە کۆمەڵێك ڕووەوە خزمەت بە گەلی کورد دەکەن.

### میتۆدی توێژینەوە :

توێژینەوەی زانستی پەیڕەوی میتۆد دەکات، واتا توێژینەوەی زانستی بەبێ میتۆد سەرکەوتوو نابێت، بۆیە هەموو توێژینەوەیەك میتۆدێك یان چەند میتۆدێك بەکاردێنێت، وە لە ڕێ ی هەندێك لە ئامرازەکانیانەوە زانیارییەکانی کۆدەکاتەوە و هەنگاو بە هەنگاو ڕێکی دەخات و تا کۆتایی لە ڕێچکە سەرەکییەکە لانادات، میتۆد بە پێ ی کێشەو بابەتی توێژینەوەکە و بە پێ ی توێژەر وە هەندێ جار بە پێ ی کات و شوێن دەگۆڕێت، هەموو میتۆدێك ئامرازی تایبەتی خۆی هەیە کە بە هۆیانەوە زانیاری کۆدەکرێتەوە، مەرج نیە توێژەر بۆ توێژینەوەیەك تەنها یەك میتۆد بەکاربهێنێت هەندێ جار کێشەی توێژینەوەکە ئەوە دەخوازێت توێژەر چەند ئامرازێکی چەند میتۆدێکی جیاواز بەکار بهێنێت.توێژەر بۆ ئەم توێژینەوەیە ئامرازی چەن میتۆدێکی جیاوازی بەکار هێناوە و لە ڕێ یانەوە زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە، وەك میتۆدی ئەتنۆگرافی خۆیی (منهج أثنوكرافي الذاتي )، ئەم میتۆدە دەڵێت توێژەرەکان بۆیان هەیە بە پێ ی بابەتەکانیان باسی پرۆژەیەك یان ڕوداوێکی مێژوویی زارەکی بکەن وەك گێڕەرەوەیەك یا چیرۆك نوسێك.[٣] جگە لەم میتۆدە چەن ئامرازێکی میتۆدی مێژوویشی بەکار هێناوە کە لە چەند سەرچاوەیەك وەك نووسین نوسراوەتەوە و ئاماژە بە چەند نووسینێکی جیاواز دەکات کە هەریەکەیان بە جۆرێك باسی ڕوداوەکەیان کردووە لە نوسینەکاندا، هەروەها چەن ئامرازێکی تری میتۆدی پێکهاتەی فەرمانی (البناء الوظيفي ) بەکارهێناوە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانیدا وەك ئامرازەکانی ( بینین الملاحظة، بینین بە بەشداری کردنەوە – الملاحظة بالمشاركة )، لێرەدا دەردەکەوێت زۆری بەکارهێنانی میتۆدەکان و جیاوازی بەکارهێنانیان بە پێ ی جۆری توێژینەوەکە بووە، نەك جیاوازی توێژەر.[٤] ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕوداوێك دەکات کە

توێژەر تیایدا بەشداربووە بە پێ ی ئەو میتۆدانە و لە ڕێ ی هەندێك لە ئامرازەكانیانەوە زانیارییەكانی كۆكردۆتەوە و لەم توێژینەوەیەدا دەیا نخاتە، ڕوو كە لە نوسینەكانی نوسەرەكانی پێشوتردا ئاماژەیان پێ نەدراوە.

## هۆكارەكانی توێژینەوە :

ئەو هۆكارانەی كە پاڵنەر بوون كە توێژەر ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدات ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- تەمەنی توێژەرو ابوشهاب و مەلابەختیارو نەوشیروان بەرەو هەوراز هەڵكشاوە و ماوەیەكی دورو درێژیش هەڵوێستەكە بە نهێنی پارێزراوە، ئیتر پێویست دەكات ئەو نهێنی یە ئاشكرابكرێت.

٢- لە میوانداری یەكەی ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/٧ ی پاركی ئازادی، ابو شهاب لەبەر چاوی توێژەرو میوانەكان جەختی كردەوە لەسەر ڕاستی ڕوداوەكە و هەڵوێستەكە كە كاتی خۆی بە پێ ی پلانێك كە ابوشهاب داڕێژەری بووە، توێژەر نێردراوە بۆ لای نەوشیروان لەگەڵ وەفدی گفتوگۆكەدا.

٣- زۆرێك لە كەس و لایەن و دەزگاكانی ڕاگەیاندن باسی ئەو ڕوداوەیان كردووە، بەلای توێژەرەوە پێویستە ئەوەی توێژەر بەشداربووە تیایدا وەك خۆی بیخاتە ڕوو.

٤- ماوەی ٣٣ ساڵ تێدە پەڕێت بەسەر ئەو نهێنی و ڕوداوەدا هێشتا ململانێ ی نێوان نەوشیروان و مەلا بەختیار كۆتایی نەهاتووە، تازە بە تازە هەریەكەیان دەبنە خاوەنی ڕێكخراو و كوتلەیەك ( ی.ن.ك ) دابەش دەكەن بەسەر خۆیاندا.

٥- جیاوازی نوسینەكان لەسەر ئەو ڕوداوە لە لایەن هەریەك لە نەوشیروان و مامۆستا پشكۆ و حەمەی حاجی محمود و لیژنەیەك لە ڕۆژنامە نووسان كە تۆماریان كردوون.

٦- ئاشناكردنی ئەو دیاردە نەشازو نادروستە بە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بە گشتی و سیاسیە نوێ كان بە تایبەتی، ئەوانەی كە لاف و گەزافی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمانییان لێ دەدا و چەكیان هەڵگرتبوو دژی ڕژێمی بەعس چ ململانێیەك هەبوە لە نێوانیانداو ئەنجام و كۆتایی یەكەی بە چی گەیشتوە.

٧- دوایین هۆكار ئەوەیە بەشێكی زۆر لە خوێندكاری زانكۆ پرسیاری ئەو ڕوداوەیان لە توێژەر كردوە كە لە سەرچاوەكاندا خوێندویانەتەوە، دەربارەی ئەو ڕوداوە و ئەو جیاوازیانەی كە هەیە لە نێوان نوسینەكاندا كە هەر یەكەیان بە جۆرێك باسیان لە ڕوداوەكە كردووە.

**تەوەری دووەم : ئەم تەوەرە باس لە چەمك و زاراوە سەرەكییەكانی ئەم كێشەیە دەكات كە ئەوانیش نەوشیروان و ئەشكەوتی هەزارستووتن، هەروەها چەند زاراوەیەكی ناسەرەكی تر بە كورتی دەست نیشان دەكات.**

**نەوشیروان :**

**مرۆڤێكی كوردە و لەساڵی ١٩٤٤ لە سلێمانی لەدایكبوە و خێزاندارەو ئێستا دانیشتووی شاری سلێمانی یە، هەر لە تەمەنی لاویدا ئالودەی سیاسەت بووە و پەیوەندی بە ڕیزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانی عیراقەوە كردووە، لە جیابونەوەكەی ساڵی ١٩٦٤ لە گەڵ باسكی جەلالی دا بووە، لە ساڵی ١٩٦٨ دا گۆڤاری ڕزگاری دەركردووە، لە ساڵی ١٩٧٠ كوردستانی جێهێشتووە و چۆتە وولاتی نەمسا و لەوێ درێژەی بە خوێندن داوە و ماجستەری لەبواری سیاسەتدا تەواوكردووە، دوابەدوای ئەوە سەرقاڵی خوێندنی دكتورا بووە لە ساڵی ١٩٧٥ كە ی.ن.ك دامەزرا بەشداری كردووە و بوە بە ئەندامی دامەزرێنەری ئەو نیمچە ڕێكخراوە و دكتۆراكەی تەواو نەكردوە و لە ساڵی ١٩٧٧ گەڕاوەتەوە كوردستان و لە چیای قەندیل درێژەی بە خەباتی چەكداری داوە.**

**لە ساڵی ١٩٧٠ كە كۆمەڵەی ماركسی لینینی دامەزراوە ئەو یەكێك بوە لە دامەزرێنەرانی، لەو ماوەیەدا كە خەریكی خوێندن بوە و لە كوردستان دوور كەوتۆتەوە تێكەڵ بوە بە ژیان و ئایدۆلۆجیای ئەوروپی و هزری سیاسی گۆڕانی بەسەردا هاتوە و وردە وردە بڕوای بە ئایدۆلۆجیای چەپ لاواز بوە.بە هەرجۆرێك بوە لە دوای گەڕانەوەی بۆ كوردستان كە ( ئارام ) سكرتێری كۆمەڵە كوژراوە نەوشیروان بەرپرسیارێتی سكرتێری كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانی خراوەتە ئەستۆ هەروەها كەسی یەكەمی ناو (ی.ن.ك ) بوە لە غیابی جەلال تاڵەبانیدا و جێگری هەمیشەیی جەلال تاڵەبانی بوە تا ٢٠٠٩/٧/٢٥ كە لە (ی.ن.ك ) دێتە دەرەوە و ڕێكخراوێكی نوێ دادەمەزرێنێت بە ناوی ( بزوتنەوەی گۆڕان ) و دەبێتە ڕێكخەری ئەو ڕێكخراوە نوێ یە تا ئێستا بەردەوامە.**

**نەوشیروان چەند زمانێك دەزانێت و سیاسە تمەدارێكی گەورەی كوردە قاڵبوی جۆرەها خەباتە وەك خەباتی ڕۆشنبیری و دبلۆماسی و سیاسی و چەكداری و.....هتد. چەندین پەرتووك و نوسین و ووتاری بلآوكراوەی هەیە. كەسایەتیەكی كە مدو و قسە ڕق و قسە لە ڕوە، كەسێكی خاكی یە و جگەرە كێشێكی پلە یەكە، بۆ هەركەسێك بیەوێت سەری بخات یان بیشكێنێت لە توانایدا هەیە و دەیكات، ئەو خەسڵەتانە كەسایەتیەكیان بۆ نەوشیروان دروست كردوە لای هەندێك خەڵك ڕێزێكی زۆری لێ بگیرێت، وە لای هەندێكی تر دژایەتیەكی قورس بكرێت.[٥] ئەگەر بە درێژی لەسەر كەسایەتی نەوشیروان و ڕەنج و ماندوبونی و خەبات و تێكۆشانی بنوسرێت بە دەیان توێژینەوە و كتێبی گەورە تەواو نابێت بۆ توێژینەوەیەكی دیاریكراوی وەك ئەم توێژینەوە زانستی یە ئەوەندە بەسە كە وەك زاراوەیەك لەسەری بنوسرێت.**

**ئەشكەوتی هەزار ستوون :**

**ئەشكەوت سەرسا یان نوا یا پەناگایەكی سروشتی یە كە زۆرجار لەشاخەكاندا دروست بوە. ئەشكەوت جۆری زۆرە لە ڕوی پێكهاتە و گەورەو بچوكی و كۆن و نوێ ی و پان و درێژی و قوڵی لەسەر ڕوی زەوی، ئەو هۆكارانەی كە كاریان كردۆتە سەر دەستنیشان كردنی ڕواڵەتی جیۆمۆرفۆلۆجیەتی ئەشكەوتەكان زۆرن لەهەمویان دیارتر ڕوخانی توێكڵی زەوی و توانەوە و شی بونەوەی پێكهاتە كانزاییەكانی بەردەكانە بە هۆی ئاوەوە، یەكێك لە زاناكانی جیۆمۆرفۆلۆجی ( لۆبیك ) دەڵێت هۆی دروستبونی ئەشكەوتەكتن دەگەڕێتەوە بۆ شی بونەوەی بەردە گەچینەكان و ئەو كەرەستانەی كە بەردەكانیان لێ دروست بون لەگەڵ ئەو كون و كەلەبەرانە كە لە نێوان چینە بەردینەكاندا پەیدابون ئاسانكاری دەكەن بۆ هاتوچۆكردنی هۆكارە ( جیۆكیمیاویەكان ) بەردەكان دائەخورێن و شی دەبنەوە بە تایبەتی ئەو بەردانەیان كە پێكهاتەكەیان لاوازە، یەكێك لە ڕاستیە زانستیە سەلمێنراوەكان ئەوەیە، دووەم ئۆكسیدی كاربۆن كە لە ناو ئاودایە هۆكاری شی كردنەوەی چینە بەردینەكانە و دەبێتە خۆركە و كون كردنی بەردەكان و ئەوەش دەبێتە هۆی پەیدابونی ئەشكەوت.[٦] لە ناو ئەشكەوتەكاندا جۆرەها**

پێکهاتەی کیمیاوییان تیا دەست دەکەوێت بە تایەتی خوێ کان و کالسیوم و صۆدیوم و پۆتاسیوم و هەتا دەگاتە باروت و جۆرەها پەیینی ئەندامی و نائەندامی تر، جگە لەوە بەهۆی کارلێك و تواندنەوە وە چەندین جۆر کۆڵەکەی گەچینی بەردین دروست بون، هەندێکیان لە میچی ئەشکەوتەکەوە بۆ خوارەوە شۆڕبونەتەوە پێ یان دەوترێت ( ستالاکتیت - stalactites ) هەندێکی تریان لە بنی ئەشکەوتەکانەوە بۆ سەرەوە هەڵتۆقیون یان بەرز بونەتەوە پێیان دەوترێت ( ستالاجمیت - stalagmites ). (٧) دور نیە ئەشکەوتی هەزارستون لەوجۆرەیان بێت.

ئەشکەوتی هەزارستون دەکەوێتە چیای سورێن لە باکوری ڕۆژهەلاتی شاری سیدصادق بە دوری ٢٠-٢٥ کم سەر بە پارێزگای سلێمانیە، لەم ئەشکەوتەدا تویێژەر حەوت شەو و شەش ڕۆژ لەگەڵ نەوشیرواندا ماوەتەوە پێش ٣٣ ساڵ لەمەوبەر، دەمی ئەشکەوتەکە نیمچە کەوانەیی یە ڕوی کردۆتە شارەزوور بە ئاراستەی دەریاچەی دەربەندیخان پشتی کردۆتە گوندی دەرەگولان و کانێسکان، بەرزی لە ئاستی ڕوی دەریاوە نزیکەی ٤٥٠-٥٠٠ م دەبێت، پێکهاتەکەی لە چەندین جۆر بەرد پێکهاتوە بەشێکیان بەردی ئاگریین و بەشێکی تریان گەچیینن و هەندێکیان خوێ ن و چەندین جۆر پەیینی ئەندامی و نائەندامی و پاشەڕۆی ئاژەڵ و باڵندەکانی تێدایە، دور نیە لەکاتی پێکهاتەی چیاکاندا ئەو ئەشکەوتەش دروست بوبێت بەلام هەندێك کۆڵەکەی گەچین کە بەرچاو دەکەون لە ئەشکەوتەکەدا وەك ( کۆڵەکە یا ستون ) وان ئەوانە خوێ و بەردی گەچینن کە بە درێژی مێژوومادەی گەچینی تواوە یە بە هۆی بارانەوە لەسەر یەك نیشتوە و ئەو کۆڵەکانە دروست بوون. لەناوەوە زۆر فراوان و قوڵە، لە هەندێك جێگادا لە زەوی یەوە بۆ میچ ٦م بەرزە وە لە هەندێ شوێنی تردا بەرزییەکە کەم دەبێتەوە، ئەو ژمارە زۆرە ستون و کۆڵەکە خوێ یانە کە لە میچەوە بۆ خوارەوە شۆڕبونەتەوە، یا لە زەوی یەوە هەڵتۆقیون و بەرزبونەتەوە لە ئە نجامی ئەو کارلێکە کیمیاوی یەوە بوە کە ساڵ لەدوای ساڵ مادە گەچینەکە لەسەر یەك نیشتوە شێوە ستونێکی دروست کردوە، لەوانەیە ئەوەش بوبێت بە هۆ کە ئەو ئەشکەوتە بەو ناوەوە ناونرابێت ( هەزارئەستون – هەزارستون ) لە لایەن ئەو خەڵکانەوە کە لەو سنورەدا جێگیربون و ڕێ یان کەوتۆتە ئەو ئەشکەوتە. کورد بۆ گەورەبون یا گەورەکردنی شتێك هەزارێك دەداتە پالی بۆ گەورە کردنی ئەشکەوتەکە و زۆرکردنی ستونەکانیش هەزارێك خراوەتە پاڵ ئەستون ( ستون ) بە هەردوکیانەوە زاراوەیەکی لێکدراو پێکهاتوە و بە ( هەزارستون ) ناونراوە بۆ ناسینی ئەو ئەشکەوتە و لەو ساتەوە تا ئێستا ئەو ئەشکەوتە بە ناوی ئەشکەوتی هەزارستون ناسراوە لە ناوچەکەدا.

لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٨١ تویێژەر چوە ئەو ئەشکەوتە لەو کاتەدا سێ ڕۆژ بەفرباری و چیاکەی دا پۆشی هاتوچۆ لەدەرەوەی ئەشکەوتەکە ئاسان نەبوو بۆیە تویێژەر هەموو کاتەکەی لە ئەشکەوتەکەدابەسەر دەبردو ئەمانەی بینیوە :

١- نزیکەی ١٥٠ چەکداری ( حسك ) لە ئەشکەوتەکەدا بوون.

٢- بنکەیەکی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عیراقی لێ بوو کە ( توفیقی حاجی ) هەڵە بجەیی لێپرسراوی بوو، هەروەها دیلێکیان هەبوو پاڵتۆیەکی درێژی لەبەردابوو ناوی ( ح.س.س ) بوو دەیان وت جاسوسە و لەوشەوانەدا بردیان بۆ هەڵە بجە و کوشتییویان.

٣- شێخ کاوەی شێخ لەتیفی حەفیدو چەند چەکدارێکی لەگەڵدابون، ئەوانیش لەوێ بون.

٤- ئەندامانی وەفدەکە ( جمال حکیم + قادر رشید + علی کلاشینکۆف ) لەگەڵ کۆمەڵێك چەکدار ژمارەیان نزیکەی ١٥ کەس دەبون ئەوانیش لەوێ بون.

٥- نەوشیروان و سامان ( فرح )، ئێمەش لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا تویێژەر و چەکدارێکی لەگەڵدابو بە ناوی ( حەمەی صەمون – حەمەی وەستا غەفوری صەمونی هەڵە بجەیی ) هەموو لە ئەشکەوتەکەدابوین.

ئەو هەموو خەڵکە لەبەشی پێشەوەی ئەشکەوتەکەدابون، هێشتا بەشی پشتەوەی ئەشکەوتەکە لەبەر تاریکی دیارنەبو نازانرێت فراوانی و قوڵیەکەی چەند ئەوەندەی ترە، لەو بەشەی پێشەوەی ئەشکەوتەکە چەندین ئاگر ئەکرایەوە ڕوناکی یەکەی لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە دیار نەبو، هەروەها ئەو هەموو دوکەڵە کە لەوئاگرە پەیدا ئەبو لە ئەشکەوتەکەدا وون

دەبو بەبێ ئەوەی کەس بێزار بکات، هەرەها ئەو هەموو چەکدارە لـەو ئەشـکەوتەدا بـێ پێخـەف بـون و لەگـەڵ ئەوەشـدا سەرمایان نەدەبوو وە نەخۆش نەدەکەوتن، ئەمە هەندێك تایبە تمەندی و خەسڵەت بو کە توێژەر بەچـاوی خـۆی بینیـونی، بەلام دور نیە ئەشکەوت کۆمەڵێك سودی هەبوبێت بە درێژایی مێژوو وە ئەم ئەشکەوتە یەکێك بێت لەو ئەشکەوتانە وەك لـە کۆنترین سەردەمداو لەچاخی بەردیندا ئەشکەوت مەنزڵگای مرۆڤ بوە، پێش ئەوەی مرۆڤ ببێتە خـاوەنی کـەلتور، هـەروەها پەناگاو حەشارگەی جرو جانەوەر و دڕندەکان و مارو مێروو باڵندەکان بوە بە پێ ی ئەو پاشماوانەی کە لە ئەشـکەوتەکانی کوردستاندا دۆزراونەتەوە. [٨] لە ئە نجامی سیاسەتی کوردکوژەی بەعس و هەڵـەکانی لایەنـەکانی پێکهاتـەی جولانـەوەی چەکداری ئەم جارەی کورد و گرتنی نەوشیروان لەلایەن ( حسك ) ەوە، وا لە چارەکی کۆتایی سـەدەی بیسـتەم جـارێکی تـر گەڕاینەوە بۆ سەردەمەکانی قۆناغی بەردین و لە ئەشکەوتی هەزارستوندا ماوەیەك خۆمان حەشاردا و کردمانەوە بە پـەناگا و پارێزەرمان لە مەترسیەکانی ئەو سەردەمە.

## چەمك و زاراوە ناسەرەکیەکان :

هەندێك لە چەمك و زاراوە ناسەرەکیەکان کە لەم توێژینەوەیەدا بەرچـاو دەکـەون و چـەند جارێـك دوبـارە بونەتـەوە پێویستیان بە ڕونکردنەوەیەکی کورت هەیە،کە ئەمانەی لای خوارەوەن :

( ی.ن.ك ) : یەکێتی نیشتمانی کوردستان، نەوشیروان جێگری هەمیشەیی سکرتێری ئەو نیمچە ڕێکخراوە بوو بۆ مـاوەی ٤٣ ساڵ.

( حسك ) : حیزبی سۆسیالستی کوردستان، تایەری علی والی و حەمەی حاجی محمود سەر بەم ڕێکخراوە بون.

( ق. م ) : قیادەی موەقەتە ، لە دوای ئاش بەتاڵ بنەماڵەی مەلا مستەفا لەگەڵ سامی عبدالرحمن ئـەم ڕێکخراوەیـان وەك سێبەر بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دروست کرد دواتر هەڵوەشێنرایەوە و کرایەوە بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

( حشع ) : حزبی شیوعی عیراقی.

ابو شهاب : کادرێکی پێشکەوتوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، لەو کاتەدا لێپرسراوی لقی یـەك بـو، لێپرسـراوی ڕاستەوخۆی توێژەر بو بۆ ماوەی چەند ساڵێك.

سالار عزیز : ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بو، هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك ) بو.

مەلا بەختیار : ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بو، سەرپەرشتیاری هەرێمی یەك بو.

مامۆستا پشکۆ : کادرێکی پێشکەوتوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و کەسایەتیەکی ڕوناکبیر بو.

سامان ( فرح ) : کادرێکی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بو، نامەی مەلا بەختیاری بردبو بۆ حسك لە گوندی ڕەزڵـە وە بـۆ گوندی زەردۆیی حسك ئەویشیان گرتبو لەگەڵ نەوشیروان بەندکرابو.

شێخ کاوە : کەسایەتیەکی سلێمانی بو تا ئەو کاتە چەند چەکدارێکی لەگەڵـدا بـون، بـەلام پەیوەنـدی بـە هـیچ حـزب و ڕێکخراوێکی سیاسیەوە نەکردبو.

ئاش بەتاڵ : کاتێك جولانەوە چەکدارییەکەی مەلا مستەفا لە سـاڵی ١٩٧٤ بـە پێ ی ڕێککـەوتنی جـەزائر و بـە پـێ ی فەرمانی مەلا مستەفا کۆتایی پێ هێنرا، پرسیار لە مەلا مستەفا کرابو ئەو جولانەوەیە چـی بەسـەر دێـت وتبـوی " ئـاش بەتاڵ " بە واتا کۆتایی هات یان تەواو بوو یان وەستا، لەو کاتەوە ئەو زاراوەیە چۆتە فەرهەنگی سیاسی کوردەوە.

هەرێم : سنورێکی جوگرافی سیاسیە، لە دروست بونەوەی جولانەوەی چەکداری کورد لە دوای ساڵی ١٩٧٦ کوردستانی باشوور دابەشکرا لە لایەن (ی.ن.ك ) ەوە بەسەر چەند سنورێکی جوگرافیـدا و بـە زاراوەی هـەرێم ناسـێنران، وەك هـەرێمی یـەك شارەزوورو هەورامانی دەگرتەوە، هەرێمی سێ شاربازێڕو پێنجوێن بوو، هەرێمی چوار شاربـاژێڕی شـینکایەتی و جافایـەتی ومەرگە و دوکانی دەگرتەوە، هەرێمی پێنج قەرەداغ و گەرمیان بوو...هتد.

( مالومە، سیتەك، عازەبان، بزەینیان، شوكێ، هۆنەرێنە، باراو، حاجی مامەند، خانوە قورەكان، قوڵی گیسكان، چنارە، پاڕەزان، گوێزە ڕەش، ڕەزڵە، پەرخ، بیوەك، زەردۆیی، دۆڵە سوور، كانی ئاسكان، بانیشار ) كۆمەڵێك گوندن سەر بە ناحیەی بەرزنجە و ناڵبارێزن هەندێكیشیان لەسنوری شاربازێردان.

شانەدەری : كۆمەڵگایەكی زۆرەملێ بوو سەر بە قەزای سیدصادق ئێستا یەكێكە لەگەڕەكەكانی سیدصادق.

# بەشی دووەم

**تەوەری یەکەم : ئەم تەوەرە پێك دێت لەم بابەتانەی لای خوارەوە :**

**بەرەو گوندی حاجی مامەند، کۆبونەوەی مزگەوتی حاجی مامەند، کۆبونەوەی مزگەوتی گوێزەرەش، بیرۆکەی رزگارکردن یان لەناوبردنی نەوشیروان، کۆبونەوە لەگەڵ ابوشهاب و مەلابەختیار، هاتنی وەفد و بەرێ کەوتن بەرەو سورێن.**

## بەرەو گوندی حاجی مامەند :

لە گوندی عازەبان بوم،ابو شهاب داوای کردبوم بە پەلە بگەمە گوندی بزەیینیان بە پیادە نێوان ئەو دوو گونـدە نزیکـەی سەعاتێك بو، گەیشتمە لایان پێ ی وتم " پێشکەوە " بە دەموچاویا دیاربو شتێك روی داوە بەرەو گوندی شوکێ و هۆندەرێنە بەرێ کەوتین درەنگانێك هەورازەکەمان بڕی و ئاگادارکرام نەوەستین و بەرەو گوندی باراو بـڕۆین دوای مـەغریب گەیشـتینە گوندەکە، لەبەر ئەوەی برسیمان بو وە زۆر ماندو بوبوین لە گوندەکـە لامانـدا، لەبـەر دەم مزگـەوتی بـاراودا برادەرەکـان گەیشتن تاریکی کردبو ابوشهابیش گەیشت بە تورەیی یەوە ووتی " بۆ وەستاون ؟ بەرێ کەون بەرەو گوندی حاجی مامەنـد " رازیمان کرد کە بۆ ماوەی نیوسەعاتێك پشو بدەین و نان بخۆین، بەلاّم ئەو رازی نەبو ووتی " لەماڵەکان نان پەیدابکەن و لە مزگەوت ئە یخۆین بە ئاوەوە " ئێمەش جێ بە جێ مان کرد، سەیر بوو ابوشهاب ئەو هەموو رێگایە ببڕێت و هێشتا سوربێت لەسەر رۆشتن، چونکە جارانی تر ئەوەندەی رێگا بە حەفتەیەك ئەبڕی !! نێوان گوندی باراو و گوندی حاجی مامند شـاخێك بو، دوای نان خواردن جولاّین و بەرەو هەورازی شاخەکە بە رێ کەوتین، درەنگانێکی شـەو شـاخەکەمان بـڕی بـەرەو گونـدی حاجی مامند شۆڕبوینەوە، نزیك کاتژمێر ١١ ی شەو گەیشتینە کەناری گوند بە دەنگێکی بەرز تێیان خوڕین " کـێ ی کـورە کێ ی " ابو شهاب نهێنی شەوی لابو وەلاّممان دانەوە و چوینە ناو گوندەکەوە، ئێمـە چـوینە مزگەوتەکـە ابوشـهاب لایـدابو چوبوە ماڵێك شەو نەگەڕایەوە، سەیرمان کرد مزگەوتەکە زۆر قەلەبالغە، وە هەموو ماڵێکیش چەکداری تیایـە، ناچـار لـە هەیوانی مزگەوتەکە ماینەوە تا رۆژ بۆوە، کە رۆژبوەوە سەیرمان کـرد ژمارەیـەکی زۆر فەرمانـدە و کـادرو چـەکدار لـەناو گوندەکەدان کە ئەمانە ناسراوەکانیان بو ( سالار عزیز، مەلا بەختیار، جمالی علی با پیر فەرماندەی هەرێمی چوار ، بەکری حاجی سەفەر فەرماندەی هەرێمی سێ ، مستەفا چاوڕەش فەرماندەی هەرێمی پێنج، ابوشهاب ) بون.لەوێ دا بۆمان دەرکەوت کە شتێك روی داوە، لە ناو کادرو چەکدارەکاندا هەواڵێك بلاّوکرابۆوە کە "نەوشیروان هاتوە بۆ صوڵح لەگەڵ حسکدا، بـەلاّم حسك گرتویانە " ئەم هێزە کۆکرابویەوە بۆ روبەڕوبونەوەی حسك، بەلاّم مامۆستا پشکۆ دەڵێت " کاك نەوشیروان بە نهێنی و بێ ئاگاداری ئێمە هاتوەتە خوارەوە و لەگەڵ یەك پێشمەرگەدا گەیشتوەتە دۆڵی گەلاڵ. ئەو، بۆ کاروبـاری تایبـەتی خـۆی هاتوە و کەسی ئاگادار نەکردوە." [٩] هەروەها نەوشیروان خۆیشی دەڵێت " من ئیتر بڕیارمدا بچم سەردانێکی دایکم و خوشکم بکەم و داوایان لێ بکەم بێن بۆ ناوزەنگ. ویستم کەم کـەس بزانـێ هاوڕیکـانی خـۆمم ئاگادارکرد..... پە نجـەکان یـەکتری ئەشکێنن: ١٩٩٧ : لا ١٨٣ " کەواتە نەوشیروان بۆ صوڵح نەهاتوە بەڵکو بە هەڵە کەوتوەتە دەستی حسك و گرتویانە.

ئێمە لە حاجی مامند جێمان نەبو بمێنینەوە چونکە ژمارەیەکی زۆر چەکدار لە حاجی مامندا بون بەمەبەسـتی رێکخسـتن هێزەکان دابەشکران بەسەر کۆمەڵێك گونددا، لقی یەك و کادرەکانی و چەکدارەکانی بەرگونـدی ( قـوڵی گیسـکان ) کـەوتن تویێژەرو ابوشهاب بەر ماڵی ( مارفی مەتە ) کەوتن. رۆژی دوایی ابوشهاب بانگ کرا بۆ گوندی حاجی مامند تویـێژەری لەگـەڵ خۆی برد، چەکدارەکانی تر لە گوندەکە مانەوە.

## کۆبونەوەی مزگەوتی گوندی حاجی مامند :

لەگەڵ ابوشهاب گەیشتینە گوندی حاجی مامند و ووتیان کۆبونەوەیە، تویژەر بۆی نەبو بەشداری کۆبونەوەکە بکات بە پێ ی ڕیزبەندی پلەی لێپرسراوی کادری سیاسی، بەلاّم ابوشهاب لێ ی نەگەڕاو بردیە کۆبونەوە کەوە، کۆبونەوەکە دەستی پێ کرد، سالار عزیز کۆبونەوەکەی بەڕێوە برد، بەشداربوەکان زۆر بون ئەمانە دیارەکانیان بون ( ئازاد هەورامی، مەلا بەختیار، جمالی علی باپیر، مستەفا چاوڕەش، بەکری حاجی صفر. [10] هەروەها ابو شهاب و کۆمەڵێکی تر کادری سەربازی و سیاسی بەشداربون. دوای باسکردنی کورتەیەك لەسەرخەبات و تێکۆشانی (ی.ن.ك ) و ئەو بارگرژییەی کە پەیدابوە لە نێوان حسك و هەرێمی یەك، سالار دەستی کرد بە باسکردنی خەباتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و شەهیدبونی شەهاب وئارام کە هەردوکیان سکرتێری پێشوی کۆمەڵەبون ووتی " بەشەهیدبونی ئەو کەڵە پیاوانە کۆمەڵە لاواز نەبو بەڵکو گەشەی کردو بەهێز بو، ئەگەر کاك نەوشیروانیش شەهید بکرێت کۆمەڵە زیاتر گەشە دەکات و بەهێزترو بەرفراوانتر دەبێت وە پەلوپۆ بە هەموو لایەکدا دەهاوێت، بۆیە پێویستە هێرش بکرێتە سەر حسك و لە سنورەکەدا ڕا بماڵرێن و کوردستانیان لێ پاك بکرێتەوە بۆ هەتا هەتایە !! " بەلاّم مەلا بەختیار بەرپەرچی دایەوە و ووتی " پاراستنی گیانی شەهاب و ئارام بە دەستی ئێمە نەبوە بەلاّم ڕزگارکردن و پاراستنی گیانی کاك نەوشیروان بە دەستی ئێمەیە، ئەم هێزانەش لێرەدا کۆبونەتەوە بڕیار لە منەوە وەردەگرن من لێپرسراویانم، بە هیچ کولوەجێك هێرش ناکەم و ڕێ نادەم کەس هێرش بکاتە سەریان.... ". ئەم دو بۆچونە دژ بەیەکە، سالار عزیزی توڕە کردو لە مزگەوتەکە هاتە دەرەوە و نەوەستا لەگەڵ چەند چەکدارێکدا بەو شاخەی پشتی حاجی مامندا هەڵگەڕاو بەرەو پاڕەزان ڕۆشت و لەوێ وە گەڕابویەوە بۆ سەرکردایەتی.

## کۆبونەوەکەی مزگەوتی گوندی گوێزە ڕەش :

هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کۆمەڵێ کادری سیاسی کۆمەڵە م بینی کە لە سنوری هەورامان و شارەزورو شارباژێردا کاریان دەکرد، داواشیان لە من کرد بچم لەگەڵیاندا، بە بێ پرسیار لەگەڵیان ڕۆشتم، چوینە چنارە و نەوەستاین لەوێوە چوینە پاڕەزان لەوێش نەوەستاین ماموستا پشکۆ لە پێشەوە ڕێ ی دەکردو هەردو گیرفانی و بن باخەڵی ئاوسابون و پەشۆکاوی پێوە دیاربو، بەدەم قسەو باسەوە گەیشینە گوندی گوێزە ڕەش، ڕاستە و ڕاست چوینە ناو مزگەوتەکەوە مزگەوتەکە چۆڵ بو، ماموستا پشکۆ سەیری کردین و بن باخەڵ و گیرفانەکانی بەتاڵ کردو فڕێ ی دایە سەر فەرشەکان و ووتی " هاوڕێیان ئەمە ڕاستە ؟ یا ئەمە ویژدانە فەرمون چۆن فرسەتیا هێناوە و ئێمە لەم هەلومەرجە نالەبارەداین و ئەوانیش چیپیان بلاّوکردۆتەوە " ماموستا مەلا یاسینی حسن موانی کە سەیری ئەو بلاّوکراوانەی کرد گۆڤاری کۆمەڵەی ژمارە ٩ ی زستانی ١٩٨١ بو کە لەو کاتەدا دەرچوبو یەکێك لە بابەتەکانی بە ناوی ( ضد الانتهازیة – دژی ئۆپۆرتۆنیزم ) بو کە ماموستا جعفر ( فازل کریم ) نوسیبوی و هەموی هێرش بو بۆسەر نەوشیروان، ماموستا پشکۆ ووتی " ڕای ئێوە چۆنە ؟ ڕای من ئەوەیە بلاّوی نەکەینەوە و نەنێردرێت بۆ ڕێکخستنەکانی ناوشارو ئەوەشی نێردراوە کۆی بکەینەوە و، ڕێ نەدەین بلاّوبکرێتەوە، بە بیانوی ئەوەی هەڵەی تەکنیکی و سیاسی تیایە، تا ئەو کاتەی ئەنجامی کاك نەوشیروا نمان دەست دەکەوێت " ئێمەش تێکڕا هەمومان هەمان ڕا مان هەبو وە خۆیمان سەر پشك کرد لەو ڕووەوە چی ئەکات بیکات، ئێمە پشتیوانی دەبین و بەرگری لە هەڵوێستەکەی دەکەین.

## بیرۆکەی ڕزگارکردن یان لەناوبردنی نەوشیروان :

لە گوندی خانوەقوڕەکانی لای حاجی مامند بوم، ئاگادارکرام بچم بۆ لای ابوشهاب کە لە گوندی حاجی مامەند بو، دوای نیوسەعات گەیشتم، ابو شهاب بەتەنها لە هەیوانی مزگەوتەکە بە چیچکانەوە دانیشتبوو، کە من گەیشتم هەستایە سەر پێ بە پێکەنینەوە ووتی " هەورامی چۆن خێرا گەیشتی ؟" وتم ئەی تۆ وتوتە بە پەلە بگەرە حاجی مامند، ووتی "مەلا بەختیار ئیشی پێ تە " وتم من هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەودا نیە و ئەصلەن پێشم خۆش نیە بیبینم، جاروبار بەناچاری

سەلامی لێ ئەکەم، ووتی " نازانم چیە". بەڵام ڕاستی نەکرد ئەیزانی مەبەستەکەیان چیە بە هەردوکیانەوە تەکبیرەکەیان کردبوو و نەخشەکەیان داڕشتبوو وەك دواتر تێگەیشتم. مەلا بەختیارو ابو شهاب گەیشتبونە ڕاستیەك کە ژیانی نەوشیروان لە مەترسیدایە و مامەڵەی پێوە دەکرێت و هەواڵەکە زۆر ڕاستە، پێویستە پێش ئەوەی ئەو مامەڵەیە سەربگرێت و ئەو هەڵە ترسناکە ڕوبدات خۆیان چارەسەری بکەن. نەوشیروان خۆی دەڵێت " عەلی بەگی باوکی تایەر هات بۆ دەرە گولان.ڕاسپاردەی د.فاضل بەراك ی پێ بو، کە ئەوسا بەڕێوەبەری ئەمنی عام بو، بە باوکی تایەردا جوابی بۆ ناردبون کە منیان تەسلیم بکەن، یا.....".[11] بەڕای هەردوکیان بۆ کەسێك گەڕابون کە ڕایسپێرن و لەگەڵ ئەو وەفدەدا بینێرن بۆ لای نەوشیروان کە بە ڕێگاوە بو بچێت بۆ شاخی سورێن بۆ لای حسك بەمەبەستی وتووێژکردن ئەو کەسە بتوانێ نەوشیروان بڕفێنێت و ڕزگاری بکات یان بیکوژێت بۆ ئەوەی بە زیندوێتی نەکەوێتە دەستی بەعس. لە ئە نجامدا ابوشهاب توێژەری پێشنیار کردبو مەلا بەختیاریش پێ ی باش بو پێشتر قسەی لەگەڵدا بکات و ببینێت و کارەی پێ ڕابسپێرێت.

دوای کەمێك چاوەڕوانی لە هەیوانی مزگەوتەکەدا مەلا بەختیار عەبە ڕەش ( عەبە بجکۆل ) ی لەگەڵدا بوو هاتن، توێژەرو ابوشهاب دابەزین و چونە سەر ڕێگاکەو بەرەو قەبرسانی گوندی حاجی مامند کەوتنە ڕێ. مەلا بەختیار عەبە بجکۆلی نارد بۆ ماڵی شەهید ووشیار لە چەمەکەدا، بەقسەکردن گەیشتینە سەرقەبرانەکە، مەلا بەختیار پاڵیدا بە داربەڕوەکەوە و ابوشهاب لەسەر زەوی دانیشت و چیلکەی لە زەوی ئەدا، توێژەر بە پێوە بو، مەلا بەختیار ڕوی کردە توێژەرو بە بێ هیچ پێشەکیەك پێ ی ووت " بە پێ ی بڕیاری کۆمەڵە تۆ دیاریکراوی لەگەڵ ئەو وەفدەدا بڕۆیت بۆ لای کاك نەوشیروان، کە بە ڕێگەوەیە دەچێ بۆ وتووێژکردن لەگەڵ حسك. یا ڕزگاری ئەکەیت یا ئەیکوژیت ". لە وەڵامدا توێژەر ووتی " نە ئەو بڕیارە جێ بە جێ ئەکەم نە ئەچم و نە ئەیکوژم ". مەلا بەختیار زۆر توڕە بو بە ابوشهابی ووت " ماشالا ئەمەیە کادرە مولتەزمەکە کە بە قورگی شێردا دەڕوات ابوشهاب، پفففف " بە جێ ی هێشتین و ڕۆیشت بۆ ماڵی شەهید ووشیار.

ابوشهاب و توێژەر گەڕانەوە بۆ مزگەوتەکە، دیاربو ابوشهاب وەڵامەکەی توێژەری پێ باش بو، بەڵام ابوشهاب کۆڵی نەداو سوربو لەسەر ناردنی توێژەر بۆلای نەوشیروان لەگەڵ وەفدەکەدا. دوای عەسری ئەو ڕۆژە دوو قۆڵی چونە ماڵی ( شێخ علی گۆچان ) خانویەکی دوقات بو لە پاڵ مزگەتەکەدا، بە نەرمی و لەسەرخۆ ابو شهاب دەستی کرد بە قسەکردن بۆ توێژەر ئەو مەترسییەی لەسەر نەوشیروان بو وە ئەو مامەڵەیەی کە خەریك بو پێوەی بکرێت هەموی باسکرد و ووتی " ئێمە هەمومان ئەگەر تیاچوین نابێ ڕێگا بدەین کاك نەوشیروان تەسلیمی بەعس بکرێتەوە، چونکە ئەو پەڵە ڕەشە بۆ هەتاهەتایە بە نێوچەوانی کوردەوە دەنرێت و دەڵێن کوردەکان بۆ پارە سەرکردەکەی خۆیان تەسلیم بە دوژمنەکەیان کرد، خۆ ناڵێن ( حسك ) یا حەمەی حاجی محمود ئەوەی کرد، بەڵکو دەڵێن کورد کردی " بەو قسانە توێژەری ڕازی کرد کە لەگەڵ وەفدەکەدا بڕوات، بەڵام توێژەر پێ ی ووت ئەگەر چومە ئەوێ و بینیم چی بکەم، لە وەڵامدا ووتی " قسە لەگەڵ کاك نەوشیروان بکە، بزانە خۆی ڕای چیە ئەوە بکە، هەرچی پێ ڕاسپاردی بێ سێ و دوو جێ بە جێ ی بکە، بەڵام لە خۆتەوە هیچ یڕیارێك نەدەیت و هیچ نەکەیت، چونکە تا ئێستا بڕیار لای ئەوە، توێژەر ڕازی بو بەڵام ئەم داواکاریانەی هەبوو :

١- دکتۆر ئاری ( هیوای حاجی عبداللە ی ئاسنگەر ) م بۆ ئامادە بکە لەگەڵ دەرمانی برینپێچی و دەرزی دژی کەزازو چەند مەخزەنێك فیشەکی تازە، لە وەڵامدا ووتی دکتور ئاری چوە بۆ ئێران و لەوێشەوە بۆ دەرەوە ئەچێت، وتم باشە چەکدارێکی تری وەرزشکارو شارەزایەکی سنورەکە هەیە کە خەڵکی هەڵە بجەیە بە ناوی ( حەمەی صەمون – حەمەی وەستا غەفوری صەمون ) بۆم ئامادە بکە و پێ ی ڕابگەیەنە تا دەڕۆین و دەگەڕێینەوە گوێ ڕایەڵ بێت و بەڵام با نەزانێت بۆچی ئەڕۆین وتی باشە، بەو شەوە ناردی بۆ گوندی ڕەزڵە و بۆ بەیانی ئامادەکرابو.

٢- ئەگەر لەم ڕوداوەدا کوژرام بە خائن ناوم نەبەن و بۆم بنوسرێت لەسەر بڕیاری کۆمەڵە و نەوشیروان ئەو کارەم ئە نجامداوە.

٣- لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆربو توێژەر لەڕوی جەستەیی و دەرونیەوە ماندوبو داوای کرد جێیەکی بێدەنگ ئامادەبکرێت و پشویەك بدات تا وەفدەکە دەگات، ابوشهاب داواکانی جێ بەجێ کرد بەلاّم خالی دووەم ئە نجام نەدرا.

**هاتنی وەفد :**

نزیکی نیوەڕۆ بو ابوشهاب هات بۆ مالی شێخ علی گۆچان ووتی " وەفدەکە گەیشتوە لە مزگەوتەکەن هەستە خۆت ئامادە بکە بابرۆین و ئاگاداریان بکەم تۆش لەگەلّیان دەبیت، بەلاّم ئاگات لە خۆت بێت لە هەموو شتێکدا ".

چوینە مزگەوتەکە وەفدەکە پێك هاتبوو لە ( جمال حکیم – ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك بو، قادر رشید و علی کلاشنکۆف – سەر بە حزبی شیوعی عیراقی بون ) وە کۆمەلّێك چەکداریشیان لەگەلّدا بوو، توێژەر و حەمەی صەمون تێکەلّیان بون و بەڕێ کەوتن، وەفدەکە ئێوارە گەیشتە گوندی ڕەزلە چەند فەرماندە وکادری سیاسی و چەکدارێکی تر تێکەلّ بە وەفدەکە کرا بۆ پارێزگاری لێ کردنی نزیکەی کاتژمێر ٩-١٠ ی شەو وەفدەکە گەیشتە ئۆردوگای زۆرەملێ ی شانەدەری، هەندێك لە ئەندامانی وەفدەکە چونە مالّی ( حاجی کاکەلی ) داوایان لێ کردن کە ڕێگەمان نیشان بدەن و ڕێنیشاندەری وەفدەکە بکەن و هاوکاریمان بکەن، بەلاّم هاوکاریان نەکردین و دەنگە دەنگێکی زۆریش پەیدابوو، یەکێك لە ئەندامانی مالّەکە لە حەوشەکەوە ڕوی کردە شاخی سورێن و ووتی " کاکە ئاوا ڕوبکەنە ئەو شاخە و بەو ئاراستەیە ڕێك برۆن دوای سەعاتە ڕێیەك دەگەنە کەلاوە ڕوخاوەکانی گوندی کانیسکان و ئەوان ( حسك ) لە ئەشکەوتی دەرە گولاّنن دێ ن بۆ لاتان ". بەڕاستی ئەو مالّە زۆر ترسنۆك بون، خەریك بو بتۆقن، دەسەلاّتیان نەبو دەرمان بکەن ئەگینا دەریان ئەکردین، هەر ئەوەش بوە هۆی دروستبونی دەنگە دەنگەکە، توێژەر و حەمەی صەمون و چەند چەکدارێکی تر بە پەلە لە ئۆردوگاکە دەرچون ترسی ئەوەیان هەبو جاش و سەربازو ئەمنی بەعس بێن بە دەم دەنگە دەنگەکەوە و وەفدەکە توشی مەترسی ببێت. کاتێك نەوشیروانیش بەو ئۆردوگایەدا تێپەڕیوە بردویانەتە هەمان مالّ بۆیە دەلّێ " لە شانەدەری ( حسك ) لایان دایە مالّی جەلالی حاجی کاکەلی. جەلال هاوڕێ ی کۆمەلّە بو... پە نجەکان یەکتری ئەشکێنن : ١٩٩٧ : ل ١٨٩ ".

بە ناشارەزایی ڕومان کردە شاخەکە و لە ئۆردوگاکە دەرچوین دوای ماوەیەك ڕۆشتن گەیشتینە شاخی سورێن، بە ئاراستەیەك هاتبوین زۆر هاوارمان کردو بانگمان کرد وەلاّم نەدراینەوە، ماوەیەك بە شاخەکەدا هەلّگەڕاین لە دورەوە سەگێك وەڕی، جمال ئاغا ووتی " ئەی گیان..بە قوربانت بم ڕوبکەنە دەنگی ئەو سەگە ئەوە ئاوەدانیە "، ڕومان کردە ئەو ئاراستەیە بە چەند چەکدارێکی حسك گەیشتین پاش ئاشکرابون بە یەکترو زانینی مەبەست پێش وەفدەکە کەوتن و بەشاخەکەدا سەرکەوتین تا گەیشتینە ئەشکەوتی هەزار ستون، لە دەرگای ئەشکەوتەکە چوینە ژورەوە بە چەن مەترێك بە دەستی ڕاستدا توێژەرو حەمەی صەمون لەسەر ئەرزەکە ڕاکشان دوای چەند ساتێك ڕۆژ بۆوە و ڕوناکی کرد، توێژەر کە سەیری کرد لە نەوشیروانەوە زۆر دور نەبوو، نەوشیروان ئەژنۆی بە باوەشەوە گرتبو پالّتۆیەکی ئەمریکی لەبەردابو، سامان – فرح لەلایەوە ڕاکشابو، نەوشیروان چەند پرسیارێکی لە توێژەر کرد دەربارەی هاتنەکەیان و هێزەکانی ی.ن.ك، لەو کاتەدا تایەری علی والی بەگ نزیك بویەوە، نەوشیروان داوای لێ کرد ڕێ بدەن بە ( سامان-فرح ) بۆ ئەوەی دابەزێت بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی توێژەر بەدیلی بێت تا دەگەڕێتەوە. تایەر ڕازی بو بە داواکەی نەوشیروان و سامان هەستا و لە ئەشکەوتەکە چوە دەرەوە و حەمەی صەمون بە بێ ئەوەی پرس بە توێژەر بکات کە لە گەلّی ڕۆشتبو ئەویش لەگەلّ سامان دابەزی و ڕۆشتن بۆ شارەزوور، توێژەر بەبەرخۆیەوە دەیوت من بۆچی هاتوم و توشی چی بوم !

**تەوەری دووەم : ئەم تەوەرە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت :**

**دابەزینی سامان ( فرح )، حمە ئەمینی فتاح، بارودۆخی ئەشکەوتی هەزار ستون، ڕێککەوتن، دابەزین بۆ گوندی کانیسکان، نەوشیروان هەڵدێت، کۆبونەوەی گوندی خانوەقوڕەکان.**

## دابەزینی سامان ( فرح ) :

**لەسەر داواکاری نەوشیروان ( حسك ) ڕێگای دا بە سامان دابەزێت بۆ سنوری شارەزوور و هەڵە بجە بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی دوای چارەسەر بگەڕێتەوە، توێژەر کرایە بارمتەی سامان، ئەو چەکدارەی کە لەگەڵ توێژەردا بو حەمەی صەممون لەگەڵ سامان دابەزی بە بێ پرسی توێژەر، ئەوان نەگەڕانەوە تا دواین ڕۆژی مانەوەی وەفدەکە لەلای حسك، ئەو هۆکارانەی کە بونە ڕێگر توێژەر نەتوانێت مەبەستی هاتنەکەی بۆ نەوشیروان باس بکات ئەمانە بوون :**

**١- کاتێك کە هەل دەرەخسا باسەکە بکرێتەوە نەوشیروان باسەکەی دەگۆڕی و ڕێ ی نەئەدا بە توێژەر مەبەستەکە ڕون بکاتەوە.**

**٢- کاتێك کە سامان دابەزی توێژەر کرابوە بارمتەی گەڕانەوەی سامان و ئەو چەکدارەی کە لەگەڵیدا بو، بۆ هاوکاری کردنی توێژەر هاتبولەکاتی پێویستدا بە بێ پرسی توێژەر لەگەڵ سامان دابەزی.**

**٣- توێژەر بو ڕاستییەك گەیشتبو کە لە ناو ئەشکەوتەکەدا لە چەکدارەکانی حسك کەسێك پەیوەنی بە نەوشیروانەوە هەبوو کە بە نهێنی بە شەو هاوکاری نەوشیروانی دەکرد.**

**ئەو چەند ڕۆژە توێژەر لەبارێکی دەرونی نالەباردا کاتی بەسەر دەبرد چونکە لەلایەکەوە بەفرێکی زۆر بارییوو نەدەتوانرا بچیتە دەرەوەی ئەشکەوتەکە، هەروەها هیچ بابەتێك نەبو ئەو ماوەیە کە لە ئەشکەوتەکەدابون کاتی پێ بەسەر بەرن، ناو ئەشکەوتەکەش قەڵەباڵغی یەکی زۆری تیابو دەترسا ڕوداوێك ڕوبدات لە هەر ساتێکدا بێت و ببێتە هۆی لەناوچونیان، بە تایبەتی کاتێك کە توێژەر درکی بەوە کرد بو لە ناو ئەشکەوتەکەدا کەسێك بە نهێنی پەیوەندی بە نەوشیروانەوە کردوە بە شەو هاوکاری دەکات و پێویستی یەکانی بۆ ئە نجام دەدات، جارێکیان سێو و پرتەقاڵی بۆ هێنابو جارێکی تر قاتێك جل و دوو پارچە پاکەتی جگەرەی ڕۆسمانی بۆ هێنابوو، کەسێکی بالاّ بەرز بو جامانەیەکی گەورەی بەسەرەوە بو، توێژەر دەترسا ئەو کەسە ئاشکرا ببێت و ببێتە هۆی شکست هێنانی وتووێژی وەفدەکە یان هەر ڕوداوێکی نەخوازراو کە پەیدا ببێت بۆیە لە دوو ڕۆژی دواییدا توێژەر بە تەواوەتی ترسی لێ نیشتبو، چونکە هەڵوێستی هەندێ لە چەکدارەکانی ( حسك ) ی پێ باش نەبو کە بە ئاشکرا گوماناوی بون و دەیانویست گفتوگۆی وەفدەکە شکست پێ بهێنن و نەوشیروان ئازاد نەکرێت. دوای چەند ڕۆژێك لە گەڕانەوەی وەفدەکە دەرکەوت ئەو کەسەی کە هاوکاری نەوشیروانی ئەکرد هاتە ناو چەکدارەکانی ی.ن.ك و ناوی ( خەلیفەی عبداللە مارف ) بو لە پاداشتی ئەو هاوکاریە لای ی.ن.ك کرا بە فەرماندەی کەرت، دوای تێپەڕبونی نزیکەی ساڵێك بەهۆی ڕوداوێکەوە بە بڕیاری ی.ن.ك خەلیفە کوژرا.**

## حەمە ئەمینی فتاح :

**دوو ڕۆژ بو توێژەرو وەفدەکە گەیشتبونە ئەشکەوتی هەزار ستون وەفدەکە لەگەڵ ( حسك ) لە گفتوگۆدا بون، ئێوارەیەك پێش بانگی خەوتنان دەنگە دەنگێك لەبەردەم ئەشکەوتەکەدا پەیدابو توێژەر لە ئەشکەوتەکە چوە دەرەوە، نەوشیروان تا دەرگای ئەشکەوتەکە هات، کەسێکی بالاّ ناوەندی جامانە بەسەر لە خوار ئەشکەوتەکەوە پالی دابو بە بەردێکەوە و روی کردبوە ئەشکەوتەکە، تۆفیقی حاجی حزبی شیوعی و تایەری علی والی و حەمەی حاجی محمود و چەند چەکدارێك لە دەوریدا بون بە دەنگی بەرز هاواری دەکردو دەیوت " برام حزبی بەعس نیو ملیۆنتان دەداتێ من حەوت سەدو پە نجا هەزارتان دەدەمێ، ئەو ئەوەندەی دانێ من ملیۆنێکتان دەدەمێ ئەو کردیە ملیۆنێك من ملیۆن و نیوێکتان دەدەمێ ! کاکە حەمە من و تۆ باش یەکتر دەناسین بەو خوایەی گیانی هەردوکمانی بە دەستە خوێن لە لوتی نەوشیروان بێت تا ئاخر پیاوی هارونی و شاتری دەبێت یەکتر**

بڕێنینەوە، ئەوا من ئەڕۆم ئیتر ناگەڕێمەوە قسەی خۆمم کرد ". ئاوڕم دایەوە بۆ نەوشیروان و وتم کورد دە پیاوی ئاوای تیا بێت دە حکومەت چاری ناکات ئێمە ئەم هەموە خزاوینەتە ئەم ئەشکەوتەوە لە ترسی ڕژێمی بەعس ! وتم ئەوە کێ بو، لە وەلامدا وتی " ئەوە جارێکی تر هاتوە " دوای چەند مانگێك تێگەیشتم ئەو پیاوە ناوی حمە ئەمینی فتاح بو، هەر ئەو حەمە ئەمینی فەتاحە دوای یازدە ساڵ و چەند مانگێك، نەوشیروان هاتبو بۆ زەڕایەن و هەڵە بجەی تازە کۆبونـەوەی جـەماوەری هـەبو دوای ڕا پـەڕینی ١٩٩١ ، سەر لە بەیانییەکەی لە ئۆردوگای زەڕایەن کۆبونەوەکەی تەواو کرد، دوای نیوەڕۆکەی لە قوتا بخانەیەکی هەڵە بجـەی تازە کۆبونەوەی لەگەڵ خەڵکەکەدا ئە نجامدا، نزیکی عەسر کەسێك هاتە لای توێژەر کە ڕێکخەری کۆبونەوەکان بو پێ ی ووت " بە کاك نەوشیروان بڵێ لە شاتوان حەمە ئەمینی فەتاحیان کوشتوە لە سەر کێشـەی زەوی و زار " ئـاه چ هـەواڵێکی دڵتـەزێن و ناخۆش بو، یەکسەر قسەکانی ئەشکەوتەکەی هەزار ستونم بە بیردا هاتەوە، کە لەو کاتەدا چ کەڵە پیاوێك بو چ هەڵوێسـتێکی هەبو، بە بە رخۆمەوە دەموت بە نەوشیروان بڵێم ئەمە قبول ناکات و هەڵدەچێت بەنوسین نوسیم حەمە ئـەمینی فـەتاح کـوژراوە خستمە بەردەمی ابو شهاب کە لـە تەنیشـتیەوە دانیشـتبو ئـەویش خسـتیە بـەردەمی نەوشـیروان، سـەیرە ! نەوشـیروان هـیچ کاردانەوەیەکی نەبو و کۆبونەوەکەی تەواو کرد و لەگەڵ چەکدارەکانیدا گەڕانەوە بۆ سلێمانی.

## بارو دۆخی ئەشکەوتی هەزار ستون :

پێشتر ئاماژەمان بە پێکهاتەو سروشتی ئەشکەوتەکە کردوە، لێرەدا باس لە هەلو مەرج و بارو دۆخی ئـەو کۆمەڵـە چـەکدارە دەکەین کە لە ئەشکەوتەکەدا بون. کۆمەڵێك چەکداری جۆراو جۆرو فەرماندەی هەمە چەشن و حزب و ئایدۆلۆجیای جیـاواز لـەو ئەشکەوتەدا کۆببونەوە ماوەی ئەو چەند ڕۆژە کە توێژەر لەوێ بوو تێبینی ئەمانەی کردوە، بارەگایەکی حزبی شیوعی عیراقـی کە توفیقی حاجی بەرپرسیان بو خاوەن دسپلینێکی باش و توندو تۆڵ و ئیدارەو بەڕێوەبردنێکی ڕێکخراویان هەبو بە ڕێکوپێکی و بە پێ ی تواناو بە پێ ی پێویستییەکانی خۆیان خۆراك و خواردنەوەیان ( نان و چا و ئاو ) یان دەستەبەر کردبو کاروباری خۆیـان پێ بەڕێوە دەبرد، سەرچاوەی ئاو لە ئەشکەوتەکەدا نەبو وە لە دەوروبەریشیدا نەبو، بـەلام بـەفرێکی بـاش بـارییو بـەفریان ئەتواندەوە و خۆراك و خواردنەوەیان پێ دەستەبەر دەکرد، ئەمانە بیروباوەڕێکی چە پیان هەبو، لە پاڵ ئەمانەدا شێخ کاوەی شێخ لەتیف و چەکدارەکانی لە ئەشکەوتەکەدا بون ئەمانە هیچیان نەبو نە چا نە خۆراك و نە ئاو، هیچ ئایدۆلۆجیایەکیشیان نـەبو تا ئەندازەیەك میراتگری شێخایەتی پێشینانی خۆیانیان پەیڕەو دەکرد، بیروبـاوەڕی تیرەگەری و هۆزایـەتی و شـێخایەتی کـۆی کردبونەوە لەسەر ( حسك وحزبی شیوعی ) مشەخۆر بون. بەشێکی تر کە زۆرینەی چەکدارەکان بون ( حسك ) بون ئەمانە بە شـەو هەندێکیان دائەبەزین بۆ ئوردوگای شانەدەری و سیدصادق و چەند گوندێکی شارەزوور نانیـان پەیـدا ئـەکردو بـە کـۆڵ دەیـان گەیاندە ئەشکەوتەکە، زۆر بێ دسپلین و بێ ئیدارەو ناڕێکخراو بون هەر کەسە خەمی خۆی بو کـەس لـەوی تـری نەدەپرسیەوە، بەشی هەرە زۆریان لێپرسراو بون و پلەی لێپرسراوییان پێ درابو بە بێ ئەوەی چەکداریان هەبێت، لەناو خۆیاندا تـەبا نـەبون کەسیان ئەوی تریانی بە شیاوتر نەدەزانی لە بەڕێوەبردن و بەرپرسیارێتی دا، بۆیە بێ شـیرازەیی و هەرکـەس بـۆ خـۆی کـاتی بەسەر ئەبرد. گومان هەبو لەو کاتەدا چەکداری ( ق.م ) پەیوەندییان هەبێت لەگەڵ ( حسك ) دا و هاتوچۆی ئەشکەوتەکە بکەن. ئەو هەموو چەکدارە ( ئاودەست WC ) یان نەبو، ئەگەریەکێك دەستی سەرئاوی ببوایـە دەبـو ماوەیـەك بـڕوات تـا دەگەیشـتە نەدیوێك و لە پاڵ بەردێکدا خۆی بەتاڵ دەکردەوە، لەبەر ئەوەی خواردن نەبو یان کەم بو دوڕۆژ یا زیاتر پێویستیان بـە سـەرئاو نەدەبو.

ئاگر کردنەوە کێشەیەکی گەورە بو، چونکە دار نەبو یان زۆر بە زەحمـەت پەیـدا دەکـرا چـونکە بـەفر هـەموو دارو چـیلکەی دا پۆشیبو، بەلام لەناو ئەشکەوتەکەدا پەیینی ئاژەڵی زۆر هەبو کە بە درێژایی پەیدابونی ئەشکەوتەکە چین لەسەر چین کەڵەکە ببو بۆیە پەنا ئەبرایە بەر سوتاندنی، ئەو هەمو دوگەڵ و گڕە کە لە ئە نجامی سوتاندنی ئەو پەیینەدا پەیـدا دەبـو لـە نـاو

ئەشكەوتەكەدا وون دەبو، خەوتن زۆر كەم بو لە لایەكەوە هەوا سارد بو لە لایەكی ترەوە لەبەر دەنگە دەنگی چەكدارەكان هەركەسێك خەوی بهاتایە تەنها ئەیتوانی كەروێشكە خەوێك بكات، لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نالەبارەدا چەكدارەكان گۆرانی ناخۆش و ناقۆلایان دەگوت، رۆژێك یەكێكیان بە نەوشیروانی ووتبو، دەنگت خۆشە گۆرانیەكمان بۆ بلێ !! جگە لەوە سوكایەتی تریان بە نەوشیروان كردوە.[١٢]

هەلومەرجێكی تری ئەشكەوتەكە ئەو مەترسیە چاوەڕوان كراوانە بون كە لە هەرساتێكدا ڕوی تێ بكات وەك مەترسی ئەوە هەبو چەكدارەكانی ڕژێمی بەعس هێرش بكەنە سەر ئەشكەوتەكە، یا چەكدارەكانی ی.ن.ك هێرش بكەن بۆ سەر ئەشكەوتەكە یان چەكدارەكانی ق.م وناله هەورامی هێرش بكەنە سەر ئەشكەوتەكە یان مەترسی هەندێك لە چەكدارەكانی حسك خۆیان بە هۆی ناتەبایی یان و هەندێ گومان لەسەر چەند چەكدارێكیان كە پەیوەندییان هەبوبێت لەگەڵ ڕژێم، ئەم هەمو مەترسییانە چاوەڕوان كراو بون بۆیە تێكڕای ئەو كەسانەی لە ئەشكەوتەكەدا بون هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوكێ دا بون نەئەنوستن یان نوستن زۆر كەم بو.

**ڕێككەوتن :**

ئەو ماوەیە لە ئەشكەوتەكەدا ئەندامانی وەفدەكە لەگەڵ ( حسك ) وتوویـژیان دەكردودەگەیشتنە خاڵێك و ڕێككەوتنێك ولە پڕ پەشیمان دەبونەوە، جمال ئاغا وتبوی " سەركردایەتی خۆتان ڕەزامەندی نیشان داوە بە بێ مەرج نەوشیروان ئازاد بكەن، چونكە ئەو داوای ڕێككەوتن و شەڕنەكردن و چارەسەری گرژییەكانی لە ئێوە كردوە و نامەی بۆ نوسیون كەچی ئێوە چوون گرتوتانە و ئێستا بەند كراوە و دەڵێن دیلی شەڕە " كاكە حەمەی حاجی محمود دەیوت نەخێر لە شەڕدا گیراوە و هاتوە بۆ شەڕ سەركردایەتی ئاگای لێ نیە، لە سالی ٢٠٠٨ دا لە گۆڤاری لڤین دوپاتی ئەو قسەیەی كردۆتەوە و دەڵێت " شەڕ دەستی پێكرد ئەوان شكان هەندێكیان خۆیان شاردەوە، هەندێكیشیان گیران، كە كاك نەوشیروان مستەفا یەكێك بوو لەوانە، هەرچەندە ئەو بیانوی دەهێنایەوە و دەیوت من بۆ شەڕ نەهاتوم بۆلای دایكم هاتوم ژنم بۆ بهێنێت....". [١٣] بەلام نەوشیروان نكۆڵی لەوە دەكرد كە بۆ شەڕكردن هاتبێت. هەروەها مامۆستا پشكۆ دەڵێت " نەوشیروان نە پلانڕێژی شەڕەكەی كردوە و نە سەركردایەتی، ئەو ساتە وەختێكی نالەباری بۆ هاتنە خوارەوە و گەیشتن بۆ ئەو ناوچەیەی هەڵبژاردبوو ".[١٤] بە پێ ی ئەو ووتانە بوبێت نەوشیروان بۆ شەڕكردن نەهاتوە تا كاتی گرتنەكەشی لەوە دەچێت بێ ئاگابوبێت كە چەكدارەكانی هەردولایان كەوتونەتە شەڕەوە، بۆیە نامەی بۆ تایەری علی والی نوسیوە و داوای ڕێككەوتن و كۆتایی هێنانی ئەو بارگرژییەی لێ كردوە.

ئەندامانی وەفدەكە لە ووتو وێژەكەیاندا قسەیەك لەملا و قسەیەك لەولا پێكهاتبون لەسەر ڕێككەوتنێكی سێ خاڵی، جمال ئاغا لەلای سەرەوەی ئەشكەوتەكەوە ڕەشنوسی ڕێككەوتنەكەی هێنا بۆلای خوارەوەی ئەشكەوتەكە تا نەوشیروان سەیری خاڵەكان بكات، كاغەزەكەبە دەست جمال ئاغاوە بو، نەوشیروان سەیری كردن و دەموچاوی دا بە یەكدا و پێ ی ووت " كەیفی خۆتە من دیلم تۆ وەفدی " تویـژەر لەوكاتەدا لە پشت نەوشیروانەوە دانیشتبو ملی ڕاكێشا وسەیری كاغەزەكەی كرد، ڕێككەوتنامەكە ی بینی كە بریتی بو لەم سێ خاڵە :

١- ی.ن.ك بەیانێك دەربكات و لە ڕادیۆكەی خۆیانەوە بلاوی بكەنەوە بۆ جەماوەر كە حەمەی حاجی محمود لەسەر پیاوخرا پی و دزی و جەردەیی دەرنەكراوە، كە پێشتر وا بلاوكرابویەوە، بەڵكو بە ئارەزوی خۆی وازی لە ڕیزەكانی ی.ن.ك هێناوە و چوەتە ناو ( حسك ) وە.

٢- ئەو چەكانەی هەرێمی یەك كە ٧٣ چەك بون و بە دەست چەكدارەكانی ی.ن.ك دەوە بون حەمەی حاجی محمود بە موڵكی خۆی دەیزانێت و پێویستە بگەڕێنرێنەوە بۆ ( حسك ) واتا بۆ حەمەی حاجی محمود.

٣- چەكدارەكانی ( حسك ) ئازادبن لەو سنورانەی كە چەكدارەكانی ی.ن.ك تیادا بالا دەست بون، بە بێ هیچ سانسۆرێك ئەوانیش جموجۆڵ و چالاكی خۆیان ئە نجام بدەن لەو سنورانەدا.

دوای ئەوە جمال ئاغا هەستا و گەڕایەوە بەرەو لای سەرەوەی ئەشکەوتەکە تویژەر ڕایکرد بە دوایداو بە چرپە بە جمال ئاغای ووت خاڵی یەکەم لابەە و ( ١٠ ) چەکیان بۆ زیاد بکە، جمال ئاغا لای کردەوە و ووتی " کاک نەوشیروان ووتی ؟ " تویژەر سەری بۆ لەقاند ! بەلأم نەوشیروان ئاگای لیّ نەبو ئەوە ڕای تویژەر خۆی بوو، تویژەر گەڕایەوە بۆ لای نەوشیروان نەوشیروان پرسیاری لیّ کرد چیت ووت بە جمال ئاغا لە وەلأمدا تویژەر پیّ ی ووت پیّم ووت خاڵی یەکەم بگۆڕیّت و دە چەکیان بۆ زیاد بکات بەناوی تۆوە پیّم ووت ! دوای ماوەیەك وەفدەکە جاریّکی تر دانیشتبونەوە و بە مشتومڕیّکی زۆر خاڵی یەکەم لابرا بو و ١٥ چەکیش زیادکرابو، واتا ی.ن.ك دەبێت ٨٨ چەك بگێڕێتەوە بۆ حەمەی حاجی محمود. جمال ئاغا ووتبوی " ئێمە ئێستا چەکی حازرمان نیە، ئەبیّ بچین لە ناو هێزەکاندا ئەو چەکانە کۆبکەینەوە ". نەوشیروان لە کتێبی پە نجەکان یەکتری ئەشکێنن دەڵیّ " جمال ئاغا ووتبوی ئێمە تفەنگی کەڵەکە کراومان نیە لە عەمباردا، ئەبیّ بچین لەناو هێزەکاندا کۆی بکەینەوە ".[١٥] دوای ئەوە شێخ دارای حەفید ڕاسپێردرا بگەڕێتەوە بۆ لای مەلا بەختیارو ئەوان چەکەکان ئامادەبکەن و بیانهێننە گوندی زەردۆیی یا دۆڵە چەوت تا ( حسك ) لەویّ وەریان بگریّت و وەفدەکەش نەوشیروان وەربگریّت و بگەڕێتەوە.

## دابەزین بۆ گوندی کانیسکان :

ڕۆژیّ دوای ڕێککەوتنەکە، بەیانی وەفدەکەو کاوەی شێخ لەتیف وبە چەکدارەکانیانەوە هەروەها هەموو فەرماندەو چەکدارەکانی ( حسك ) بەرەو گوندی کانیسکان جولأن و ماوەیەك لە پشتی ئەشکەوتەکەوە بەرەو هەورازەکە ڕێگامان بڕی تا چوینە دۆڵەکەوە کە نەدیو بو لە هێزەکانی سوپای عیراقەوە، تویژەر لە پێش نەوشیروانەوە بوو، نەوشیروان عەلاگەیەکی گەورەی بە دەستەوە بو قاتێك جل و چەند پارچە پاکەتێکی جگەرەی ڕۆسمانی تیا بوو دیار بو سەرمای بو، ئەو ماوەیەش کە بەندکرابو بە تەواوەتی لاواز بوبو بۆیە گیری خواردبو بەدەست عەلاگەکەوە، چەند جارێك داوام لیّ کرد کە بۆی هەڵبگرم ڕازی نەدەبو، دواجار لێم سەندو و پێم ووت دەستت بکە بە بەبەر پشتوێنەکەتداو پێشم کەوە، ماوەیەك بەرەو خوار ڕێمان کرد نزیکی نیوەڕۆ گەیشتینە کەلاوەکانی گوندی کانیسکان. چەکدارەکانی ( حسك ) لەگەڵ هەندیّ لە چەکدارەکانی وەفدەکە و شێخ کاوە پێشتر گەیشتبونە گوندەکە کاتێك کە ئێمە گەیشتین چەند حەیوانێك سەربڕابون دەیان ووت حەوت حەیوانە نازانم کیّ هێنابوی و سەریان بڕیبون و پاککرابون. کە ئێمە گەیشتین بەش بەش کراو هەرکۆمەڵێك بەشی خۆی وەردەگرت و پیّ یان دەوت پشکی خۆتانە، وە هەرکۆمەڵە خەڵکێك ئاگری دەکردەوە و گۆشتی دەبرژاند، نەوشیروان و شێخ کاوە و تویژەر و لەوکاتەشدا سامان( فرح ) گەڕایەوە و ئەم چوارەشمان پشکێکمان بەرکەوت ئاگرمان کردەوە و خەریك بوین بە گۆشت برژاندنەوە ماوەیەك بو گۆشتمان نەخواردبو هەمو تێر گۆشت بوین. دوای نیوەڕۆ بە ڕێکەوت هەتاو بو وە گوندەکەش کپ بو سەرما نەبو، نەوشیروان و شێخ کاوە و تویژەر لە چەکدارەکان دوور کەوتنەوە و بە ٣٠٠ – ٤٠٠ مەترێك لە دور ئەوانەوە لە پاڵ کەڵەکە بەردێك ڕاکشان تا پشویەك بدەن وە بڕیاریش وابوو تا تاریك نەکات هێزەکە نەجوڵێت چونکە بە ڕوناکی مەترسی هێرشی سوپای عیراق و جاش یان هاوەنباران کردنی ڕێگاکە هەبو، بۆیە دەبو تاریك بکات ئەوسا هێزەکە بجوڵێت.

لە دوای عەسر لە دور ئێمەوە لە ناو گوندەکەدا چەکدارەکانی ( حسك ) و چەند فەرماندەیەکیان جموجوڵێکی نائاسایی یان تیّ کەوت، بوبەمیل ڕاکێشان و جنێودان و دەستیان بەرەو ئێمە ڕائەوەشاندن و هاواریان ئەکرد "وەك سەگ دەیتۆپێنین" برادەرانی وەفدەکەش و هەندێك لە فەرماندەکانی ( حسك ) هەوڵی هێورکردنەوەیان دەدان. نەوشیروان ڕوی کردە تویژەر و ووتی " ئا بزانە چی یە " تویژەر عەلاگەکەی دایەوە بە نەوشیروان و چوە خوارەوە بۆ ناو چەکدارەکانی ( حسك ) گەیشت بە جمال ئاغا و پیّ ی ووت چی بوە ؟ جمال ئاغا لە وەلأمدا ووتی " چوزانم کۆمەڵە فەنی ئێوە ئەزانیّ، لەم کاتەدا چونەتە سەر ماڵی باوکی کاك تایەرو دوو گوللە RBGیان بە ماڵەکەیانەوە ناوە و ئەڵێن لەبری ئەوە نەوشیروان ئەکوژین، یان

تا سۆراخی ڕاستی ڕوداوەکە نەکەین ڕێککەوتنەکە جیٚ بە جیٚ ناکرێت و نەوشیروان بەرنادەن ". بە ڕاکردن تویٚژەر گەڕایەوە بۆ لای نەوشیروان و شێخ کاوە، هەواڵەکەی بۆ گێرانەوە، شێخ کاوە هەستایە سەر پیٚ و بە حە پەساوی ووتی " ئەوە ڕاست نیە با بڕۆین " تویٚژەرو شێخ کاوە پێکەوە هاتنە خوارەوە وچونە لای تایەری علی والی و ئەوانی تریشیان، شێخ کاوە ووتی " کاك تایەر بە گۆڕی باوکم ی.ن.ك ئەم کارەی نەکردوە، ئەگەر ڕاست بێت گوللە RBGیەکانی خۆتان بژمێرن دوانیان کەمی کردوە، ئەگەر ئێوە نەبوبن بێگومان پیاوەکانی بەعس بون، پیاوی چاکبن چۆن عەقلێکە هەتانە چۆن ی.ن.ك لەم کاتەدا کاری وا دەکات، بڵێن بەری نادەین و تەواو بۆ بیانو دەگرن ؟ زەرەرتانە ! " تویٚژەرو شێخ کاوە گەڕانەوە بۆ لای نەوشیروان و ئاگاداریان کرد لە ڕوداوەکەو هەڵوێستی نویٚ ی (حسك) یان پیٚ ڕاگەیاند، دوای ئەوە ئیتر درەنگ بوبو، جمال ئاغا هات بۆلای نەوشیروان و پیٚ ی ڕاگەیاند کە (حسك) پەشیمان بوەتەوە و ڕازی نین لەسەر ڕێککەوتنەکەو بەرت نادەن. نەوشیروان ووتی " ئێوە بگەڕێنەوە " جمال ئاغا خواحافیزی کردو نەوشیروان بە تویٚژەری ووت " تۆش بگەڕێرەوە و بە ابوشهاب بڵیٚ بیٚ خەم بێت !! " تویٚژەر لەگەڵ وەفدەکە گەڕایەوە، شەو لە گوندی زەردۆیی وەفدەکە بە شێخ دارا گەیشت کە چەند چەکێکی کۆکردبوەوە و چاوەڕوان بو، کە هەواڵەکەی پیٚ ڕاگەیەنرا کە (حسك) پەشیمان بوەتەوە و نەوشیروان بەرنادەن ئەوانیش لەگەڵ وەفدەکە گەڕانەوە بەرەو گوندەکانی پەرخ و بیوەك بۆ لای هێزەکانی ی.ن.ك ، بەڵام تویٚژەر گەڕایەوە بەرەو گوندی خانوە قوڕەکان.

## نەوشیروان هەڵدێت :

دوای ئەوەی کە تویٚژەر لەگەڵ وەفدەکە گەڕایەوە ئەو شەوە لە گوندی خانوەقوڕەکانی لای حاجی مامەند ابوشهابی بینی و پیٚ ی ووت نەوشیروان ووتویەتی " پیٚ ی بڵیٚ بیٚ خەم بێت " کە ابو شهاب ئەوەی بیست هەندێك ئارامی پیٚ بەخشرا، شەو قسە و باسێکی زۆر کرا لە نێوان تویٚژەر و ابوشهابدا تویٚژەر بە ابوشهابی ووت دڵنیام لەم ڕۆژانەدا نەوشیروان هەڵدێت، بۆیە پێویستم بەوەیە ئێستا تۆزیٚ پشو بدەم و خۆم ئامادەبکەم لە سبەی شەوەوە من ئەچمە پێشەوەی هێزەکانی ی.ن.ك چاوەڕیٚ ی ئەبم تا هەڵدێت و دەگات ئاگاداربە، دوای ئەوە ابوشهاب تویٚژەری جێهێشت و ئەو شەوە تویٚژەر پشووی دا و ڕۆژی دوایی بە ڕیٚ کەوت بەرەو گوندی دۆڵە سوور، شەو چوە ئەو گوندەوە و لە نێوان گوندەکە و جادەی پێنجوین- سیدصادقدا تا ڕۆژ بوەوە چاوەڕوانی کرد بەڵام هیچ نەبو، ڕۆژەکەی هەر لەو ناوە خۆی حەشاردا تا تاریك داهات لەشەوی دوەمدا ئەو شوێنەی جێهێشت و دوای بانگی خەوتنان چوە سەر جادە سەرەکییەکە و بەرەو خوار ڕوو بە ئۆردوگای شانەدەری لە قەراغ جادەکەوە هاتوچۆی ئەکرد تا نزیکی سەر لە بەیانی دیسانەوە هیچ نەبوو، پێش بانگی بەیانی تویٚژەرگەڕایەوە بۆ دۆڵە چەوت و هەڵکشایەوە بەرەو شاخی نێوان ڕەزڵەو پەرخ، پاش ئەوەی پشویەکی دا نزیکی کاتژمێر ١٠-١١ لە دەوروبەری گوندی بیوەك تەقە پەیدابوو، تویٚژەر ئەو ناوەی جێهێشت و بەشاخەکەدا هەڵگەڕاو دوانیوەڕۆ گەیشتەوە گوندی ڕەزڵە، لەگوندی ڕەزڵە هیچ چەکداری لیٚ نەبوو، وە کەسێکیش نەبو کە بزانێت ئەو تەقانە چیە لە گوندی بیوەك، بۆیە گوندی ڕەزڵەی بە جێهێشت و گەڕایەوە بۆ گوندی قوڵی گیسکان کە بڕیاربو ابو شهاب و برادەرەکانی لەو گوندە بن، بەڵام ئەوانیش لەویٚ نەمابوون، تویٚژەر پرسیاری لە ماڵی (مارفی مەتە ) کرد پیٚ ی وتن نازانن برادەرەکان بەرەو کویٚ چون، لە وەڵامدا ووتیان " هەمویان ڕۆشتن بەرەو گوندی بیوەك دەڵێن مەنسولێکتان بەریان داوە " تویٚژەرتێگەیشت کە بێگومان ئەو مەنسولە نەوشیروانە و هەڵهاتوە، چونکە خۆی دوو شەوبو چاوەڕیٚ ی ئەوە بو، بەڵام نەوشیروان لەگەڵ سامان کە هەڵهاتبون بەرەو ئاراستەی ئەو نەهاتبون. لەبەر ئەوەی تویٚژەر ماندو بو و شەویش درەنگ بوو وە لەو دیٚ یەوە بۆ گوندی بیوەك ماوەیەکی دور بو، ئەو شەوە لە ویٚ مایەوە، بەیانیەکەی بەڕێکەوت بەرەو گوندی بیوەك، بەڵام کە گەیشتە گوندی خانوە قوڕەکان برادەرەکانی لە بیوەکەوە گەڕابونەوە و بەڕێگاوە بون بەرەو گوندی خانوەقوڕکان پێیان ووت " مەڕۆ ئێستا ئەوان بەرەو ئێرەوە دێن چاوەڕیٚ بە تا ئەگەن " دوای ماوەیەکی کەم بەرایی یان گەیشتە خانوە قوڕەکان و پاش تۆزێك

نەوشیروان و سامان گەیشتن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر چـەکداردا کـە لـەو دەوروبـەرە کۆبوبونـەوە، نەوشـیروان لـەو گونـدە کۆبونەوەی بە چەکدارەکان کرد، لەم توێژینەوەدا ناوبراوە بە کۆبونەوەکەیگوندی خانوەقوڕەکان.

## کۆبونەوەی گوندی خانوە قوڕەکان :

لەو گوندەدا نزیکەی ٥٠٠ فەرماندەی هەمەجۆرو چەکدار کۆبوبونەوە، نەوشیروان کۆبونەوەی پـیّ کـردن و نـاوەرۆکی کۆبونەوەکە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بوو :

١- سوپاس و پێزانینی خۆی دەربڕی بۆ هەمو ئەو کەسانەی کـە بـە هـۆی ئـەو ڕوداوەوە ئـەرکیان کێشـاوە و مانـدوبون و کەوتونەتە مەترسییەوە، هەروەها سوپاسی هاوولآتیانی گوندەکانی کرد کە بۆ ماوەی زیاتر لـە مانگێـك خزمـەتی ئـەو هەمو چەکدارەیان کردوە و بونەتە ئەرك بەسەریانەوە.

٢- داوای لە فەرماندە و چەکدارەکان کرد کە بگەڕێنەوە سنوری چالاکییەکانی خۆیان لەماوەیەکی کەمدا بۆ ئەوەی دوژمـن فرسەت نەهێنێت و هەل نەکوتێتە سەر هاوولآتیانی گوندەکان، لەلایەکی تریشەوە مژدە بدەنە بـە هاوولآتیـان کـە بـە سەلامەتی دەرچوە و کۆتایش هێنراوە بە بارگرژی و شەڕ لە نێوان ی.ن.ك و ( حسك ) دا.

٣- ئاگاداری هەمو هێزەکانی کرد کە ڕێگری نەکەن لە چەکدارەکانی ( حسك ) لە سنوری چـالاکیەکانیانداو هـەمو لایـەك بەوپەڕی تواناوە هەوڵبدات ئەو بارگرژیە برەوێتەوە و کۆتایی پیّ بهێنرێت چونکە ئەوە لە بەرژەوەندی دوژمنەکانی گەلی کوردە با لەوە زیاتر خەڵك بێزارو ماندو نەکرێت.

دوا بەدوای کۆبونەوەکە خواحافیزی لەیەکتری کرا و گونـدی خانوەقوڕەکانیـان جێهێشـت، دوای ئـەوە توێـژەر لەسـەر داوای ابوشهاب بەڕێ کەوت بەرەو هەورامان بۆ جێ بەجیّ کردنی کارێکی تری پێویست.

# بەشی سیٚ یەم

ئەم بەشە پێك دێت لەم باسانەی لای خوارەوە :

دەرئە نجام، ڕاسپاردەو پێشنیار، سەرچاوەکان، کورتەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## دەرئە نجام :

دەرئە نجامی ئەم توێژینەوەیە دوو بەشن، بەشێکیان پەیوەنییان بە نەوشیروان و ی.ن.ك دوە هەیە، بەشەکەی تریان ئەو دەرئە نجامانەن کە پەیوەندییان بە ( حسك ) و حەمەی حاجی محمودەوە هەیە لەگەڵ دەرئە نجامێکی گشتیدا.

بەشی یەکەمی دەرئە نجامەکان : ئەو دەرئە نجامانەن کە توێژەر لە توێژینەوەکەدا پێیان گەیشتوە و دەیا نخاتە ڕو کە پەیوەندییان بە ی.ن.ك و نەوشیروانەوە هەیە ئەمانەن : -

أ – بە پیٚ ی کۆبەنەوەکەی گوندی حاجی مامەند و بڵاوبونەوەی ووتاری دژی ئۆپۆرتۆنیزم ( ضد الانتهازية ) هەلێکی لەبار ڕەخساوە بۆ گروپێك تا بگەن بە بەرژەوەندیە تایبەتییەکانیان و نەوشیروان دوربخەنەوە لە گۆڕەپانەکەدا، لە پاڵ دۆستایەتیدا ئەو گروپە ویستویانە نەوشیروان لەناوبچێت جا لەڕیٚ ی هێرشکردنەوە بێت بۆ سەر چەکدارەکانی ( حسك ) یا لەڕیٚ ی ناردنی کەسێکەوە بێت کە بە پیٚ ی فەرمانی ئەوان تیرۆری بکات. جگە لەوە لەسیٚ لاوە دەیانویست نەوشیروان لە گۆڕپانەکە دوربخەنەوە یان لەناوی بەرن، لایەنی یەکەم / لە ناو ڕێکخراوی کۆمەڵەدا سالار عزیزو مامۆستا جعفر و مەلا بەختیار بەمەبەستی دلسۆزی و بەرگری و پاراستنیەوە، ئەگەر هەڵوێستەکانیان سەریان بگرتایە بیگومان نەوشیروان یان دەکوژرا یا لە گۆڕەپانەکە دوردەخرایەوە. لایەنی دووەم / مامەڵەکردنی حیزبی بەعس بو لەگەڵ هەندێك لە بەرپرسەکانی ( حسك ) دا کە نەوشیروانیان تەسلیم بکەن یان بەڕێگەی تر بخرێتە بۆسەیانەوە و بە زیندویی بیگرن، ئەگەر ئەو کارە سەری بگرتایە نەوشیروان لە ناو دەچوو. لایەنی سیٚ یەم / ئەم لایەنەیان پەیوەندی نێوان ( حسك ) و ( ق.م ) بووە، کە نەوشیروانیان بە مەترسی و ڕێگر دەزانی لەبەردەم بەدەسهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان لە سنورەکەدا و لە ناوچەکەدا، بۆیە هەوڵیان داوە پێکەوە هاوکاری بکەن و نەوشیروان بگوێزنەوە بۆ سنوری ( ق.م ) وە پێکەوە ئێشکی لیٚ بگرن وەك خۆی دەڵیٚ " یەکێکیان خەبەری بۆ هێنابوم کە لەگەڵ ناله هەورامی ڕێککەوتون لە نزیك ( بانیشار ) بنکەیەکی هاوبەشی پارتی و حسك دابنێن و، منیش ببەن بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی هێزەکانی هەردو حیزب پێکەوە ئێشکم لیٚ بگرن".[١٦] ئەگەر ئەو کارە بکرایە نەوشیروان دور دەکەوتەوە و بەرەو لەناوچوون دەچوو.

ب- بەمەبەست بێت یان نەزانین یان بیرچونەوە نەوشیروان لە گێڕانەوەی ئەو ڕوداوە لە نوسینەکانیدا خۆی لە هەندیٚ ڕاستی لاداوە و باسی نەکردون وەك هەڵوێستی حەمەئەمینی فتاح و شێخ کاوە و مامۆستا پشکۆ.

ج- نەوشیروان ڕیٚ ی بۆ خۆشکراوە و خەڵکی ڕێك خستوە لەناو ( حسك ) دا و لە ترسی بردنی بۆلای بارەگایەکی ناله هەورامی ( ق.م ) هەڵهاتوە و ڕایکردوە. وە لە ڕاکردنەکەیدا هاوکاری کراوە بە تایبەتی لەلایەن شێخ کاوە و چەکدارەکانیەوە.

د- ئەو وەفدەی کە جمال حکیم لەگەڵ حزبی شیوعی چوبونە لای ( حسك ) ڕێککەوتنی پێش وەختیان نەبوە بەڵکو لە ئەشکەوتەکەدا لە دوای مشتومڕێکی زۆر لەسەر دووخاڵ ڕێککەوتون و دواتر لە گوندی کانیسکان ( حسك ) پەشیمان بۆتەوە.

ه – ئەو حیزب و لایەن و هێزو کەسانە بۆ بەدەستهێنانی مەبەستەکانیان هەندێك ڕاستیان ئاوەژو کردوە و گۆڕیویانە، دواتر دەردەکەوێت وا نەبوە، وەك هۆکاری گرتنەکەی نەوشیروان، کە بۆ کارێکی تایبەتی خۆی ڕۆشتوە بۆ سنورەکە، کەچی گۆڕرابو بە کاری سیاسی و سەربازی.

و- دووفاقی کەسێتی (الازدواجية الشخصية ) لە نێوان هەندێك لە کادرە بالآکانی ی.ن.ك و کۆمەڵەدا بەئاشکرا بەدەر دەکەوێت وەك لە زۆر جێگای ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پێدراوە، وە توانیویانە هەندێ خەڵکی کەم ئاست هەڵبخەڵەتێنن و بیانکەنە سوتەمەنی و بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان.

بەشی دووەمی دەرئە نجامەکان : ئەو دەرئە نجامانە یە کە توێژەر پێیان گەیشتوە لە توێژینەوەکەیدا کە پەیوەندییان بە ( حسك ) و حەمەی حاجی محمودەوە هەیە ئەمانەن :-

أ- لە ئەشکەوتەکەدا دیار بو چەکداری ( حسك ) پەیوەندی نهێنییان بە نەوشیروانەوە هەبو، وە هاوکاریان کردوە لە هەڵهاتن یا ڕزگارکردنیدا، ئەوەش نەوشیروان لە نوسینەکانیدا پشتڕاستی کردونەتەوە.

ب - دور لە عورف و عادەتی کوردەواری و یاساکانی دیل گرتن ژمارەیەکی کەمی کادرو چەکدارەکانی ( حسك ) ئازاری دەرونی و سوکایەتییان بە نەوشیروان کردووە، ئەو کەسانە بە پێ ی سیاسەتی حیزبەکەیان ئەو کارەیان نەکردوە بەڵکو هەڵوێستی تایبەتی خۆیان بوە.

ج - جۆرە پەیوەندیەك هەبوە لە نێوان ڕژێمی بەعس و( حسك ) دا، بۆیە داوایان کردووە کە نەوشیروانیان تەسلیم بکەن.

د – نە توێژەر نە نەوشیروان نە بەڵگەکانی تر ئەو ڕاستییەیان نەسەلماندوە کە کاوەی شێخ لەتیف ئەندام بوبێت لە وەفدەکەدا، بەڵکو خۆی پێشتر چوە بۆ ئەشکەوتەکە بۆ ئەوەی چەند لە توانایدا هەبێت هاوکاری نەوشیروان بکات.

ه – چەکدارەکانی ( حسك ) بێ دسپلین بون و بەشێکیان چەکداری تۆراو و دەرکراوی حیزبەکانی تر و سەربازی هەڵهاتوو بون، ڕێك نەخرابون و هەرکەس بە ئارەزوی خۆی و بە پێ ی بەرژەوەندی خۆی هەڵسوکەوتی ئەکرد، وە زۆری هەڵەکان کە توشی ئەو حیزبە ئەبون لە لایەن ئەو جۆرە چەکدارانەوە بوو، وە خاوەن دەسەڵاتیش بون، وە هیچ گوێڕایەڵی سەروی خۆیان نەبون و پابەند نەبون بە بڕیاری حیزبەکەیانەوە.

دەرئە نجامێکی گشتی : بە پێ ی توێژینەوەکە، نەوشیروان کاراکتەرێکی بەهێزی گۆڕەپانی سیاسەتی جولآنەوە چەکداری یەکەی کورد بووە لە ساڵی ١٩٧٧ وە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەو خاوەن کەسایەتییەکی تایبەت بووە و هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتە بە خۆی، ئەو کەسایەتییە لایەنی بەهێز و لاوازی، یان چاك و خرا پی هەبوە، کە هەندێ جار بۆتە هۆی بەهێزکردنی جولآنەوە چەکدارییە کە و ڕایگرتوە و درێژەی بە خەبات داوە، هەندێ جاریش بوە بە هۆی جیابونەوە و جێهێشتنی بەشێکی کادرو چەکدارەکان و دورکەوتنەوەیان لە خەبات و تێکۆشان، بەلآم بە گشتی بە ڕای توێژەر لایەنی باش و بەهێزی زیاتر بون، تا لایەنی لاوازو خرا پی لەو جولآنەوە سیاسیە چەکدارییەی گەلی کورددا.

## پێشنیارو ڕاسپاردەکان :

توێژەر هەندێ پێشنیارو ڕاسپاردەی لا گەڵاڵە بوە کە بە پێویستی دەزانێت بیا نخاتە ڕوو تا وەکو حکومەت و خەڵك و سیاسییەکانی کوردستان، ئەگەر بکرێت سودیان لێ ببینن کە ئەمانەی لای خوارەوەن :

١- پێشنیار دەکەم بۆ نەوەکانی نوێ ی گەلی کورد، ئەگەر هەلومەرج سە پاندی بەسەریاندا سیاسەت بکەن، با ئەدەبیاتی ئەو هێزە چەکدارانەی کوردستان بە ووردی بخوێننەوە و سوود لە هەڵە و گیروگرفتەکانیان وەرگرن.

٢- پێشنیار دەکەم بۆ نەوەی نوێ متمانە و باوەڕ بە دروشم و بانگەوازە بریقەدارە ناوەرۆك پوچەکانی هیچ لایەنێك نەکەن، تا خۆیان بە کردەوە و بە پراکتیکی نەیبینن، نەخەڵەتێن بە بە ڵێنی سیاسیە تەقلیدیەکانی کورد کە هەندێکیان بە نهێنی پەیوەندییان بە وولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان یان بە زلهێزەکانەوە هەبوە و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان وخزم و بنەماڵەکانیان کاریان کردوە.

٣- پێشنیار دەکەم بۆ نەوەی نوێ کە سیاسەتیان کرد، هەوڵبدەن هێڵە گشتییەکان و ستراتیژو تاکتیکی خەباتیان ڕۆشن بێت و تەم ومژاوی نەبێت، دوژمن بە دوژمن و دۆست بە دۆست بزانن، نەك دوژمن بکەنە دۆست و دۆست بکەنە دوژمن، هەروەها پەیوەندی ژێر بە ژێری موخابەراتی نە لە ئاستی کەس و نە لە ئاستی گروپ پەیڕەو نەکەن و هەوڵبدەن برینەکانی ڕابوردوو سارێژ بکەن.

٤- پێشنیار دەکەم بۆ نەوەی نوێ کە بەرژەوەندییە گشتییە باڵاکان پیرۆز ڕابگرن و بیانپارێزن وازبهێنن لە سیاسەتی سەنگەر گواستنەوە و پەتپەتێن کە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەر ڕۆژەی سوپای وولاتێکی داگیرکەر پەلکێشی کوردستان دەکەن و کوردستان و گەلی کوردیان کردۆتە تاقیگە و بەبێ پەیڕوکردنی هیچ یاساو ڕێسایەك ڕۆڵەکانی کراونەتە سوتەمەنی.

٥- پێشنیار دەکەم بۆ نەوەی نوێ هەوڵبدەن یەکتر پەروەردە بکەن و یەکتر پێشبخەن و ململانێی نادروستی یەکتر نەکەن، پلان و نەخشەی ملشکێن بۆ یەکتر دانەڕێژن و بوختان و تاوانی نادروست و ناڕاست نەدەنە پاڵ یەکتر.

٦- پێشنیار دەکەم بۆ نەوەی نوێ تابتوانن و بۆیان بکرێت دور بکەونەوە لە دیاردەی دزێوی خزم خزمێنە و دەستە گەری و تەکەتول بازی و ناوچەگەری و خۆبەزل زانین و بەکەم سەیرکردنی ئەوانی تر لە بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایدا.

٧- پێویستە لەسەر نەوەی نوێ پەیڕەوی سیاسەتی چەواشەکاری نەکەن و نەبنە پیاوی ئەم و ئەو و ماستاوچی نەبن و خۆیان سوك و ریسوا نەکەن بۆ دەسکەوتێکی کاتی دیاریکراو.

٨- پێشنیار دەکەم بۆ خەڵکی کورد یاسا بە پیرۆزی ڕاگرن پەروەردەو فێرکردن و خوێندن پەرە پێ بدەن و بیان کەنە دەسپێکی کارەکانیان، چونکە هیچ لایەنێکی کۆمەڵگا پێش ناکەوێت بە بێ گرنگیدان بەوانە.

٩- پێشنیار دەکەم بۆ خەڵکی کورد بەهەر شێوەیەك بێت پارێزگاری لە کلتوری کورد بکەن و بیپارێزن و لە فەوتان ڕزگاری بکەن، چونکە نە گەل و نە نەتەوە و نە دەوڵەت و نە حکومەت بە بێ کلتوور بونی نیە و نابێت، ئەو گەلەی کلتوری نەبێت مافی بون بە دەوڵەتیشی نیە، بگرە مافی مرۆڤبونیش لە دەست دەدات واتا وەك ئاژەڵ سەیر دەکرێت و دەژی.

١٠- پێشنیار دەکەم بۆ بەرپرسانی شوێنەوارناسانی هەرێمی کوردستان کە سەردانی ئەشکەوتی هەزارستوون بکەن و لێکۆڵینەوە ئە نجامبدەن لەبواری پسپۆرییەکەیاندا، چونکە ئەوە سودێکی زۆری دەبێت بۆ کۆمەڵگای کوردی و نەتەوەی کورد و دەزگای شوێنەوارناسی هەرێمی کوردستان.

١١- پێشنیار دەکەم بۆ خەڵکی ناوچەکە و ئەو کەسانەی ڕێیان دەکەوێتە ئەو ئەشکەوتە پارێزگاری لە پێکهاتەکەی بکەن و تا چەن بۆیان دەکرێت وە لە هەر ڕێگایەکەوە کە بە گونجاوی دەزانن دەزگا پەیوەنییدارەکانی سنورەکە و حکومەت ئاگادار بکەن.

١٢- پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تیمێکی پسپۆرو شارەزا پێک بهێنرێت لەو بوارەدا بۆ سۆراخ کردن و پشکنینی نهێنی یەکانی ئەو ئەشکەوتە و باقی ئەشکەوتەکانی تر لە شاخەکانی کوردستان، کە هەر لە سەرەتای دروستبونیانەوە خزمەتیان بە هەموو جۆرەکانی گیانلەبەران کردوە و لەسەرو هەمویانەوە و دالْدە و سەرسای مرۆڤ بون.

١٣- پێشنیار دەکەم بۆ خەڵکی کورد و ئەوانەیان کە شارەزای شاخ و گردەکانی کوردستانن، ئەگەر زانیارییان هەیە لەسەر هەر دیاردەیەکی سروشتی یان مرۆیی وەك ئەشکەوت، یان شوێنەوار، یان پەیکەر و وێنە و لەو بابەتانە بیپارێزن و دەزگا پەیوەندیدارەکانی سنوری خۆیان ئاگادار بکەنەوە لەو دیاردانە.

**سەرچاوەکان :**


١- موفق الحمداني وآخرون، مناهج البحث العلمي – أساسيات البحث العلمي، الوراق للنشر والتوزيع، عمان – الاردن، ٢٠٠٦، ص ٥٠.

٢- عبدالباسط محمد حسن، أصول البحث الاجتماعي، الانجلو المصرية، ١٩٧١، ص ١٥٨.

٣- شارلين هس – بيبرو باتريشياليفي، ترجمة هناء الجوهري، المركز القومي للترجمة، ٢٠١١، ص ٣١١

٤- محمد حسن غامري، المناهج الأنثروبولوجية، المركز العربي للنشر والتوزيع، الأسكندرية، بدون سنة الطبع، ص ١٧.

٥- **هێمن باقر، گۆڤاری لڤین ٩٧، سلێمانی، ٢٠٠٩، لا ٩-١٠.**

٦- حسن سيد احمد ابو العينين، اصول الجيومورفولوجيا، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان، بدون سنة الطبع، ص ٥١٢-٥١٨.

٧- المصدر نفسه، ص ٥١٨.

٨- تقي الدباغ، حضارة العراق، الجزء الأول، بغداد، ١٩٨٥، ص ٢١.

٩- **پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، بەرگی یەکەم و دووەم، سلێمانی، بەبێ چاپخانە، ٢٠١١، لا ١٣٨.**

١٠- **هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.**

١١- **نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن، چاپی دووەم، سلێمانی، بە بێ چاپخانە، ١٩٩٨، لا١٩٠.**

١٢- **لیژنەیەك لە ڕۆژنامەنوسان، ژیان و نهێنییەکانی نەوشیروان مستەفا، چاپ وبلاّوکردنەوەی کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٩، لا ٢٣٤.**

١٣- **گفتوگۆی دلێر عبدوڵلا، گۆڤاری لڤین ٦٧، سلێمانی، ٢٠٠٨، لا ١١.**

١٤- **پشکۆ نەجمەدین، ئەزموون و یاد، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٨.**

١٥- **نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، سەرچاوەی پێشوو، لا١٩٢.**

١٦- **هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.**